Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.2024.1108

# درکپێکردنی میتافۆری پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا

کەژاڵ جهانبەخش محمد[1]، بێستون حسن احمد[2]، دارا حمید محمد[1]

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژ پەروەردە، زانکۆ گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژ پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆ سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

| Article Info | |
|---|---|
| Received: | March, 2024 |
| Revised: | March, 2024 |
| Accepted: | April, 2024 |
| Keywords | |
| پەندی پێشینان، میتافۆری زنجیرەی مەزن، میتافۆری ئاستی گشتی، میتافۆری ئاستی تایبەتی | |

**Corresponding Author**

kazhal.jihabakhsh@garmian.edu.krd
bestun.ahmad@univsul.edu.iq
dara.hamid@garmian.edu.krd

**پوختە:**

پەندی پێشینان لە هەر زمانێکدا، ڕەنگدانەوەی کەلتوور، بەهاکان و بیر و باوەڕ و دونیابینی و ئاوەزمەندی میللەتانە و لێکۆڵینەوەیان دەتوانێت درکپێکردنێکی ڕوون لە ئەزموونەکانی ڕۆژانەی ژیانی ئاخێوەران و ئاوەزمەندییان پەیوەست بە دیاردەکانی دەورووبەریان دەستبخات. تیۆرییەکانی قوتابخانەی درکپێکردن و لەناویاندا، سیمانتیکی درکپێکردن وەك تیۆرییەکی ئەم قوتابخانەیە لەتوانایدایە چوارچێوەیەکی وردی لێکۆڵینەوەی واتای زمانی لەسەر بنەمای ئەزموونەکانمان لە جیهانی دەوروبەر، چۆنییەتی بەچەمککردنیان بخاتەروو. ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (درکپێکردنی میتافۆری پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا)یە. هەوڵێکە بۆ خستنەرووی پەسنی بنەماکانی تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا وەك یەکێك لە بوارە دیارەکانی لێکۆڵینەوە لە زمانەوانی درکپێکردن، پەیوەست بە ڕاڤە و درکپێکردن و تێگەیشتنی واتای پەندی پێشینان. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم توێژینەوەیە، پەندی پێشینانی زمانی کوردی لە چوارچێوەی سیمانتیکی درکپێکردن و بەتایبەت تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن ڕاڤەدەکات بە مەبەستی دەستخستنی شێوازی بەچەمککردنی ئەزموونی ڕۆژانەی ئاخێوەران.

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە(درکپێکردنی میتافۆری پەندی پێشینان لە زمانی کوردیدا)یە. مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، پەسنکردن و جێبەجێکردنی تیۆری(میتافۆری زنجیرەی مەزن)ە، لە زمانی کوردیدا. کەرەستە و داتای توێژینەوەکە لە زاری ناوەڕاست وەرگیراوە. لەم توێژینەوەیەدا، پەیرەوی ڕێبازی وەسفی شیکاری کراوە، بەپێی بنەماکانی تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن، نموونەکان شیکارکراون. توێژینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ پەندی پێشینان لە ڕووی چەمك و پێناسە و زاراوەی پەندی پێشینان و تایبەتمەندی و سەچاوەکانی پەندی پێشینان.

بەشی دووەمی توێژینەوەکە کار لەسەر ڕاڤەی پەندی پێشینانی زمانی کوردی بەپێی تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن دەکات. لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو لە توێژینەوەکە خراونەتەروو.

## 1-پەندی پێشینان(Proverb):

### 1-1-پەندی پێشینان، چەمك و پێناسە:

پەندی پێشینان دەربڕینێکە(ڕستە-دەق)کورت و پرواتا و مەبەست، پوختەی کەلتوور و دونیابینی و ئاوەزمەندی و بەشێك لە ئەدەبیاتی نووسراو و زارەکی هەر میللەتێکە. پەند بەرانبەر بە زاراوەی(proverb)دەوەستێت، لە کۆتایی سەدەی دوازدەهەم و لە(proverbium)ی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای مەتەڵ یان بەراوردکردن بەکارهاتووە.(الحمزاوي، 2021: 3).

پەندی پێشینان بەهۆی گرنگی و بایەخیەوە لە کەلتووری میللەتان، ڕەنگدانەوەی کەلتووری خەڵك و شوناسی کۆمەڵایەتییان، بە کەتیگۆرییەکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە زمانییەکان دادەنرێت. لەکاریگەرییە گرنگەکانی پەندەکان لەسەر زمانێك دەکرێت ئاماژە بەوە بکرێت، کە هەندێك لە پەندەکان هۆکاری مانەوە و لەناونەچوونی هەندێك توخمی زمانێکی دیاریکراون، چونکە توخمەپێکهێنەرەکانی پەندەکان بە زۆری وەك خۆیان دەمێننەوە و لە ڕووی

مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەوە مانەوەیان لە ڕستەی ئاسایی زیاترە و بەکارهێنانێکی هۆنراوەییانەشیان هەیە. پەندی پێشینان وەك هۆنراوە، یەکێکە لە هۆکارەکانی مانەوەی وشەکانی زمان. زۆرێك لە وشە و دەربڕاوە زمانییەکان لە پەندەکاندا تۆماردەبن و ڕزگردەبن لە لەناوچوونیان، چونکە پەندەکان بەردەوام لەنێو تاکەکانی کۆمەڵدا باون و بەکاردێن. لە پەنددا ئاوەزمەندی میللەتان و جیاوازی ژینگە و جوگرافیا جیاوازەکان، بە ئاشکرا هەستپێدەکرێت، جیاوازی باری ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و جوگرافی، پەندی جیاواز دەخاتەڕوو.(ئەحمەد، 2012: 264).

پەندی پێشینان لە کەلتوور، بیر و باوەڕ و ئەزموونی ژیانی تاکەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕۆڵێکی گرنگ لە نواندنی سەلیقەی فیکری هەر میللەتێك دەگێڕێت. لە کۆنەوە تاکو ئێستا پێناسەی جۆراوجۆر بۆ پەند کراوە. بۆ زیاتر بڕوانە(ئەحمەد، 2018: 32-33): پەند ڕستەیەکی کورتە خاوەن ناوەڕۆکێکی حەکیمانەیە، کە بەهۆی ڕەوانی وشەکان، ڕوونی واتا و جوانی و ناسکی ئاوێتەبوون، لەنێوان کۆمەڵانی خەڵکەوە ناوبانگی پەیداکردووە و بە بێگۆڕانکاری یان بە گۆڕانکارییەکی کەم لە ئاخاوتنەکانیاندا بەکاریانهێناوە.(بهمنیار، 1369: 19). یان پەندی پێشینان وتەیەکی کورت و سوودبەخش و دڵنشینە، هەریەکەیان خاوەنی ئەندێشە و بیرێکی قووڵ و ناسك یان ئامۆژگارییەکی ژیرانەن و بەهۆی ڕەوانی و سادەیی و قووڵی ئەندێشە و هزر بە درێژایی سەردەمەکان قبووڵکراو بووە و لە ئەنجامدا لە زماندا بەکارهاتووە و ناوی پەندی لەخۆگرتووە.(شکورزادە، 1380: 8).

مرۆڤ دەکرێت واتای پەندەکان لە ڕێگای هەڵهێنجانەوە تێبگات، ئەمەش وایلێدەکات پەندەکان لەگەڵ تێگەیشتن و شارەزایی و دونیابینی...تد خۆی پەیوەستبکات، هەرچەندە ئەم تایبەتمەندییە لە زۆربەی ئاخاوتنەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام پەندەکانن زیاتر حەزیان لەوەیە واتاکانیان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەخشکەیی دەربڕدرێن.(White,1987: 152 ). لە پێناسەی پەندی پێشینان، هەریەکەیان ئاماژە بە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی پەند دەکات. دەکرێت پەسنێکی گشتگیری پەند لەم پێناسەیەدا کۆکرابێتەوە، کە بریتییە لە: وتەیەکی کورت و پتەو و تێر و تەسەلە، باوەڕێك یان حەقیقەتێکی لە پشتەوەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بۆ نەریتێك یان حیکمەتێك دەکات. هەندێکجار دەکرێت بە بەشی یەکسانەوە و واتایان پەیکاڵی سینتاکسە[1]. هەندێکجاری دیکەش بە ئاواز و قافیەی هاوچەشن دەچەسپێن. (ئەحمەد، 2018: 32).

پەندەکان لەنێو بەرهەمەکانی ئەدەبیاتی فۆلکلۆردا، کە پەیوەندییان بە گروپێکی مرۆیی یان نەتەوەیەکەوە هەیە، بەشێوەیەکی تەواوتر و ڕاستەوخۆ کەسایەتی و ڕاستی ئەو گروپە یان ئەو نەتەوەیە دەنوێنن. لە کۆی ئەو پێناسانەی بۆ پەندی پێشینان خراونەتەڕوو، دەکرێت تایبەتمەندییەکانی پەندی پێشینان بە چەند خاڵێك دەستبخرێن. فۆرمی ڕستەیی، پەندەکان بەگشتی لە فۆرمی ڕستەدان و دەکرێت ڕستەی سادە یان ناسادە بگرێتەوە. ڕوونی و سادەیی وشەکان واتە زمانێکی سادەیان هەیە و هەڵقووڵاوی ژیانی ڕۆژانە و ڕووداوەکانی ژیانن. هەندێکیان لە توانایاندایە وەك شیعر دەربڕێن، بڕوانە(1).

1-حەوتی بمرێ لە باوان

کلی سورمەی نابڕێ لە چاوان. (ئەحمەد، 2018: 32-33).

ناوبانگ و باوبوون مەرجی سەرەکی بە پەندبوونە. بەکارهێنانی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵ بایەخ و گرنگییەکی تایبەت بە پەندەکان دەبەخشێت و دەبێتە هۆی ئەوەی ڕستەیەکی بەناوبانگ، حیکمەتێکی دەوڵەمەند، هۆنراوەیەکی ڕازاوە و جوان لە فۆرمی پەند دەربکەوێت.(آریان پور، 1354: 157). یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی پەند ئەوەیە، کە هەڵگری وانە و ئامۆژگاری و هەبوونی بنەمایەکی ئاکاری، ڕەوشتییە. ناوەڕۆکی ڕەنگرێژ بە ئەزموون و ژیری و دونیابینی و ئامۆژگاری پەندەکان، وا لە خەڵک دەکات وەک هۆکارێک بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێك بەکاریانبهێنن. هەر ئەم تایبەتمەندییەی پەندەکانە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی فاکتەری هاوسەنگی/میانڕەوی ئاکاری کۆمەڵ بن. زۆری ئەو پەندانەی هەڵگری ناوەڕۆکێکی ئامۆژگارییانەن، ئاماژەپێدەری دوو خاڵن: یەکەم: دەسەڵاتی ڕەخنەی ئاکاری بەسەر کۆمەڵدا، کە ڕەنگە سەرچاوەیەکی ئایینی یان کۆمەڵایەتی هەبێت. دووەم: پێویستی کۆمەڵ، ئەمەش بەو واتایەیە، کە زیادبوونی ئامۆژگارییەکان لە کۆمەڵ دەرئەنجامی نائاسایی و گەندەڵی و داڕماوی ئاکارییە لەکۆمەڵدا، بۆیە پەندی پێشینان جەخت لەسەر لایەنی ئامۆژگاری و حیکمەت و یاسا ئاکارییەکان لە کۆمەڵێکی دیاریکراو دەکەن، بەجۆرێك، کە وەك ڕێنیشاندەرێکی بێدەنگ، کە خاوەن زمانێکی شیرین و دەربڕینێکی سادە و کاریگەریان هەیە.(سعدی، 1381: 187).

یەکێك لە هۆکارەکانی ناوبانگی و باوێتی زۆرێك لە پەندەکان، سەرنجڕاکێشی و کاریگەرییانە لەسەر ئاوەز، ژیان و ڕەفتاری گوێگر، کە هەمیشە وەک ڕێنماییکەرێکی ئاکاری و شێوازێکی ژیان بەکاریدەهێنن. پەندی پێشینان بەهۆی دەربڕینی ئامۆژگاری کاریگەرەوە، دەبێتە هۆی گۆڕان لە ڕەفتاری مرۆڤ(ڕەنگە کەسانێك بە بیستنی پەندێك لە بیرکردنەوەیەکی قووڵ نغرۆ ببن)، بۆیە پەندەکان لایەنێکی قایلکەریان هەیە. لایەنی کاریگەری باشی/ئەرێنی پەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی گونجاو و لە کاتی خۆی، واتە بەکارهێنانیان لە کات و شوێنێکی گونجاو. ئەگەرنا، تەنانەت باشترین پەندەکانیش کاریگەری پێویستیان نابێت ئەگەر بەشێوەیەکی گونجاو لە کاتی خۆی بەکارنەهێنرێن. تا زیاتر پەندی پێشینان لە ژیان و ئەندێشە و بیرکردنەوە و کەلتوور و پێویستییەکانی مرۆڤەوە نزیکتر بێت، کاریگەرتر دەبێت. پەندی پێشینان پێویستە هەڵقووڵاوی بیری کۆمەڵ و ئەزموونەکانی نەتەوەیەك بێت، زمانی سادە و شیرین و ئاوازدار پەیکاڵ لەگەڵ قسەڕەوانی پەندەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە کاریگەرییە باشەکانیان دەگێڕن. پەندەکان حیکمەتی ئەزموونکراوی مرۆڤەکانن. لەسەر بنەمای ئەزموونی دوور و درێژی ئەرێنی و نەرێنی نەتەوەیەکن، کە تاکەکان لە تەواوی کاروباری ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بەکاریاندەهێنن. ڕووداوێکی سادە یان ئەزموونێکی ئاسایی لە ژیانی ڕۆژانەدا، کە ڕەنگە بەسەر هەر کەسێکدا هاتبێت، ببێتە ژێرخانی بنیاتنانی ڕستەیەکی ژیرانە. هەروەها ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و ڕێو ڕەسمی ژیانن. لێکۆڵینەوە لە پەندەکانی هەر میللەتێك دەتوانێت بەباشی ئاکار و ڕەوشت، خووی باش و خراپی مرۆڤ بنوێنن. بەگشتی پەندەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینیەوە سەرچاوەیانگرتووە. پەندی پێشینان لە بارودۆخی جۆراوجۆردا(واتە بەکارهێنانی جیاواز)بەکاردەهێنرێت. هەر پەندێک جگە لە واتا و چەمکەکەی، بەکارهێنانێکی تایبەتی هەیە و بۆ مەبەستێکی دیاریکراو دەربڕدراوە. ڕەنگە هەمان پەند لە ناوچە یان شوێنێکی تردا بەکارهێنانێکی دیکەی هەبێت. هەروەها ڕەنگە پەندەکان چەند بەکارهێنانێك بنوێنن، ئەمەش کارێکی ئاساییە، چونکە پەندی پێشینان دەربڕاوی گشتگیرن. بۆ نموونە(سەر هەبێت، ماڵ زۆرە) کاتێك بەکار دێت، کە کەسێك بەهۆی ڕووداوێکەوە، زەرەر و زیانی بەرکەوتبێت و موڵك و ماڵی لەدەستدابێت. لە هەمانکاتدا بە دایکێك، کە لە خوازبێنیکردن بۆ کوڕەکەی ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوەبووە، دەوترێت، هەروەها بۆ ئەم حاڵەتە پەندی(دایکی کراس ڕەش نەمردووە)ش بەکاردێت. ئەوەی گرنگە بەکارهێنانی پەندەکانە لەجێگا و کاتی گونجاوی خۆی بۆ بەخشینی جوانییەك بە ئاخاوتنەکان.

### 2-1- پارمیۆگرافی و پارمیۆلۆژی:

لێکۆڵینەوە لە پەندی پێشینان و کۆکردنەوە و ناسینیان لە ئەمڕۆدا لە زۆربەی ناوچەکانی جیهان زۆر فراوانبووە. بە بۆچوونی میدێر وەك یەکێك لە دیارترین کەسایەتییەکانی زانستی پەندناسی(Paremiology)، تەمەنی ئەم لێکۆڵینەوانە بە شێوەیەکی ئەکادیمی زیاتر لە (150)ساڵە.( :Meider,2004 xii). لە سەدەی بیستەمدا لە لێکۆڵینەوەی پەندەکاندا دوو زاراوە سەریانهەڵدا: پارمیۆگرافی(Paremiography) و پارمیۆلۆژی. پارمیۆگرافی یان هونەری کۆکردنەوەی پەندەکان، زانستێکە پەیوەندی بە کۆکردنەوە و پۆلێنکردنی پەندەکانەوە هەیە. لە بەرانبەردا پارمیۆلۆژی، (کە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژە و دەکرێت بگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ لە هەوڵەکانی بۆ لێکۆڵینەوە لە پەندەکان) پەیوەندی بە فۆرم و پێناسە و شێواز و پێکهاتە و ئەرک و ناوەڕۆک و بەهای پەندەکانەوە هەیە. مێژوویەکی سەرنجڕاکێش لەم دوو لایەنە سەرەکییەی لێکۆڵینەوەی پەندەکاندا هەیە، کە بە دوو دیوی یەک دراو دادەنرێت. (Meider,2004: xii,2).

لەڕاستیدا زانستی پەندناسی لە ڕاڤەی پەندەکان مامەڵە لەگەڵ زانستی جیاوازی وەك، زمانەوانی، سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی دەکات و لەگەڵ ناسینی کەلتووری نەتەوە جیاوازەکان بۆ پاراستنی ئەم گەنجینە گرانبەهایە هەوڵدەدات، بۆیە ئەم زانستە تەنها بەلایەنی زمانەوانی پەندەکان خەریکنابێت، بەڵکو لە تێروانینێکی گشتیتر، گرنگی و بایەخ بە ڕەهەندەکانی مرۆڤناسی، جوانناسی، پەیوەندیگرتن، کەلتووری، فۆلکلۆری، مێژوویی، وێژەیی، ئیتمۆلۆژی، سایکۆلۆژی، ئایینی و کۆمەڵناسییش دەدات.(سەرچاوەی پێشوو: xiii). واتە بە لێکۆڵینەوەی زانستییانەی پەندی پێشینان دادەنرێت و ناکرێت بە دوو دیوی دراو لەگەڵ پارمیۆگرافیدا دابنرێت، چونکە کۆکردنەوەی پەند و لێکۆڵینەوە لەبەهادا یەکسان نین و نابنە دوو دیوی دراو.

### 3-1-سەرچاوەی پەندی پێشینان :

فۆلکلۆر وەك بەشێکی ئەدەبیاتی هەر نەتەوەك، دەکرێت پشکی شێری لە بنیاتنانی ڕەگ و ڕیشەی ئەدەبیاتی میللەتان بەربکەوێت، پەندی پێشینان لە پاڵ چیرۆك، ئەفسانە، مەتەڵ، گۆرانی و سروتە/ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی نەتەوەجیاوازەکان، ...هتد وەك بەشێك لە ئەدەبی فۆلکلۆر دەردەکەوێت.(آقابخشی و افشاری راد، 1376: 159). واتە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کەلتووری نەتەوەیی، پەندەکانن، کە پێگەیەکی بەرز و پانتاییەکی لە مێژووی ژیانی مرۆڤ و لای هەموو نەتەوەکان داگیرکردووە. بۆیە پەندەکان کورتکراوە و گووشراوی ژیری، شارەزایی و دونیابینی و ئەزموون و ئاوەزمەندی نەتەوەیەکن و هەندێك کات لە بنچینە و بنەمایەکی گرنگ و جێی تێڕامان سەرچاوەدەگرن.

پەندی پێشینان لەهەر زمانێك ئەنجامی ئەزموونی نەتەوەکانە و ئاوێنەی شارستانییەتی مرۆڤە، کە کەلتوور و دابونەریتی هەر نەتەوەیەك تێیدا دەنوێنرێت. خاوەنی ئامانجی پەروەردەیی ، ئاکارییە و ئامۆژگارییەکی زۆر لەخۆدەگرێت. هەرچەندە پێدەچێت هەندێکات، لە ڕووکەشدا کۆمەڵە وتەیەکی دڵگیر و لەهەمانکاتدا سادە و ساکار بێتە پێش چاو، بەڵام هەر ئەو وتە بە ڕووکەش سادەیە زۆرجار لێوان لێوە لە حیکمەت و ئەزموون و ژیری.(ریدوت و ویتینگ، 1371: 18). پەیوەست بە سەرچاوەی پەندی پێشینان، لێکۆڵەران بۆچوونی جیاواز و تایبەتیان خستۆتەڕوو. بەگشتی بنچینە و سەرچاوەی پەندەکان دەکرێت لەم خاڵانەدا کۆبکرێنەوە:

1- ڕەمەکی، ڕەشۆکی: بابەتێکی گرنگ و جێی تێڕامان پەیوەست بە پەندی پێشینانەوە، ڕەمەکی و پەیوەستبوونێتی بە کۆمەڵانی خەڵکەوە. چونکە پەندی پێشینان و دەربڕاوە ئیدیەمییە باوەکان لە نێو هەر نەتەوەیەك بە یەکێك لە بنەما گرنگەکانی زمان و ئەدەبی ئەو نەتەوەیە و هێمایەك لە خورەوشت و چێژ و سیفاتی دەروونی و ئاکاری و بیرکردنەوە و تێڕوانینەکان و دابونەریتی ئەو نەتەوەیە دادەنرێن. بەواتایەکی دیکە زۆربەی پەندەکان خاوەنی سەرچاوە و بنەمایەکی کۆمەڵایەتین و لەنێو جەرگەی کۆمەڵانی خەڵکەوە دەردەکەون و لە میانەی هەزاران ساڵەوە لەنێو نەتەوە جیاوازەکانی جیهانەوە سەریانهەڵداوە و بڵاوبوونەتەوە، لەهەر وڵاتێکیشدا بەپێی تایبەتمەندی نەتەوەیی و کەلتووری و دابونەریت و ئایین و تەنانەت بارودۆخی جوگرافی و سیاسی ئەو وڵاتە تایبەتمەندی پەیدادەکەن. پەندەکان لەنێو هەموو نەتەوەیەکدا هەن، چونکە یەکێکن لە تایبەتمەندییەکانی زمانەکانی جیهان.(حکمت، 1387: 47). ئەو پەندانەی لە نێو جەرگەی خەڵکدا سەرهەڵدەدەن، بەگشتی پڕمانا و لەگەڵ ئەوەی سادە و ساکار و کورتن، بەڵام لێوان لێون لە ژیری و شارەزایی و دونیابینی و ئاوەزمەندی. بڕوانە(ریدوت و ویتینگ ،1371: 2-3). بڕوانە(2أ-ب).

2أ- چەپڵە بە یەك دەست لێنادرێ.

2ب- کای کۆن بە با مەکە.

پێشینانمان بەباشی درکیان بەوە کردووە، کە سەرکەوتنی گەورە بە یارمەتی کەسانی دەوروبەر و پێکەوە دێتەکایەوە و بەرهەمی یەکدەستی و یەکڕیزییە، نەك بە تەنهایی و کاری تاکەکەسی، بۆیە وتراوە(چەپڵە بە یەك دەست لێنادرێ). هەروەها، کە وتراوە(کای کۆن بە با مەکە.)بێهۆکار نەبووە، چونکە تاکە سەرچاوەی کۆمەڵی کوردی لە کۆندا، پیشەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵات و کشتوکاڵی(بەتایبەت کشتوکاڵ) بووە و لەڕێگای کشتوکاڵەوە گوزەرانی ژیانی خۆیان دابینکردووە. ئیش و کاری کای کۆن بە باکردن دوای گردەگێرە و سووڕانەوەی جەنجەر و کوتانی خەرمان، پاشان شەن و کەو کردن و بەکزە با و بای شەماڵەوە، تا بەتەواوەتی کا و دانەوێڵە لەیەکتر جیادەبنەوە. ئەو کاتە هەزار جاری دیکەش کایەکە بە با بکرێتەوە، دانەوێڵەی لێدەستناکەوێت و بێسوود دەبیت، بۆیە کای کۆن ئەستەمە دانەوێڵەی تێدا دەستبکەوێت، جگە لەوەی تۆزێکی زۆر و ئەرکێکی زۆریشی هەیە. لەمەوە کورد وتوویەتی(کای کۆن بە با مەکە.)بۆ کارێك جگە لەوەی ئەنجامدانی سوودی نییە، هەندێکجار زیانیشی بەدواوەیە و بەو جۆرە کارانە دەوترێ کای کۆن بە با مەدە، چونکە هیچ سوودێکی نییە و بگرە زیانبەخشیشە.

2- ئایین: ئایین وەك یەکێك لە سەرچاوەکانی سەرهەڵدانی پەندی پێشینان، لەوانەش کتێبە ئاسمانییەکانی وەك(قورئان، ئینجیل، تەورات، ...)ن، کە کاریگەرییان لەسەر ئاوەز و بیرکردنەوەی خەڵك و بە تایبەت زانایان بووە و لە نێو زمانانی جیهاندا کەم نین ئەو پەندانەی، کە بنەمایان لە ئایین و بیر و باوەڕی ئایینی و وتەی گەورە زانایانی ئایینی سەریانهەڵدابێت. پەندی پێشینانی زمانی کوردی بە شێوەی جیاواز لە قورئانی پیرۆز کاریگەرە. بۆ نموونە:

أ-بە بەکارهێنانی خوودی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز. بڕوانە(3):

3-(خوا خۆی فەرموویە سروشتی خوایی     بۆ بەندەییە نەك بۆ کوێخایی

"و ما خلقت الجن والإنس"     بۆ پەرەستشە نەك بۆ هەوەسە)

ب-وەرگیراو لە چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆز: بڕوانە(4أ-پ).

4أ-له کفری فیرعەون مەشهورترە.
4ب- قورِ بە سەر ئەو کەسەی فیرعەون پێی بڵێ کافر.
4پ- عیسایی بە دینی خۆی موسایی بە دینی خۆی.
پ- وەرگیراو لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز: بڕوانە(5أ-ب).
5أ-ئەو کەسەی گیان دەدات، گیانیش دەستێنێت.
5ب-تا فەرز وەستا بێت، سوننەت حەرامە.بڕوانە(پارسا، 1394: 71-77)(ئەحمەد، 2018: 36)

3- دەقی ئەدەبی: بەگشتی ئەدەبی نەتەوەکانی جیهان، چ لەڕووی شیعر و چ لەڕووی پەخشانەوە، پشکێکی بەرچاو و باشیان لە دروستکردن و بە دیهاتنی پەندەکانیان بەردەکەوێت و لە ئێستاشدا ئەو ڕۆڵە دەگێڕن. شاعیر و نووسەر بۆ ئەوەی لایەنی جوانی و شیرینی و ڕەوانبێژی بۆ هۆنراوە و نووسینەکانیان زیادبکەن، سوودێکی فراوانیان لە پەندی پێشینان وەرگرتووە. هەڵبەت هەندێك کاتیش خۆیان لە ئافراندنی پەندی پێشینان بەشداربوون و هۆنراوە و نووسینەکانیان وەك پەندێك وەرگیراوە. بەمەش سەرچاوەی سەرەکی زۆرێك لە پەندەکان، لە زماندا، دەکرێت دەقە ئەدەبییەکان بن. لەمەشەوە پێشبینیکردنی ژمارەیەکی زۆر لە پەندی پێشینان لە ناوجەرگەی دەقە ئەدەبییەکانی وەك هۆنراوەکانی شاعیران ئەستەم نییە، پەندەکانی(پیرەمێرد)، نموونەیەکی ئاشکرای ئەم لایەنە دەنوێنێت. بڕوانە(پیرەمێرد:2007).

پەندی پێشینان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئاساییدا سەرهەڵدەدات و بە بەکارهێنانی بەردەوام نەوە لە دوای نەوە گواستراوەتەوە، بەڵام ئەمە نابێتە مەرجی پێویست بۆ مانەوەیان لەو کۆمەڵەیەدا، بەڵکو لێرەدا ڕۆڵی نووسەر و شاعیر لە بەکارهێنانی ئەو پەندانە لە شیعر و نووسینەکانیان و پاراستنیان لە لەناوچوون، زۆر کاریگەر دەردەکەوێت. بڕوانە(آرین پور، 1376: 453-454). بۆیە دەکرێت بوترێت، کە پەندی پێشینان نموونەیەکی تایبەت و دیارە بۆ پەیپێبردن بە هۆشیاری و ئاگایی شاعیران و نووسەران لە بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئاکاری، ...هتد سەردەمەکەیان، چونکە بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی باشتر و کاریگەرتر و خستنەڕوو و دەربڕینی زانیاری و بیرۆکەکانیان، لە زۆرێك لە دیاردە و بابەتەکان سوودیان لە پەندی پێشینان وەرگرتووە.

## 2- پەندی پێشینان لە قوتابخانەی درکپێکردن:

### 2-1- درکپێکردنی سیمانتیکی پەندی پێشینان:

پەندناسی/پارمیۆلۆژی زانستی ڕاڤەی پەندی پێشینانە لە ئاستە جیاوازەکان. پەندناسەکان لە ڕاڤەی پەندەکان مامەڵە لەگەڵ زانستی جیاوازی وەك، زمانەوانی، سایکۆلۆژی و کۆمەڵناسی دەکەن و لەگەڵ ناسینی کەلتووری نەتەوە جیاوازەکان بۆ پاراستنی ئەم گەنجینە گرانبەهایە هەوڵدەدەن.(ابریشمی، 1376: 9). پەندی پێشینان وەك نموونەیەکی دیاری ئەدەبی فۆلکلۆر لە میانەی ژیانی ڕۆژانە دێنەکایەوە و بە قووڵی ڕەگ و ڕیشەیان لە کەلتوور و ژیری خەڵکدایە و پێویستە وەك گەوهەرێکی بە نرخ بپارێزرێن.

لە ڕاستیدا هاوتاکردنی پەندی پێشینان لەگەڵ خوودی کەلتووردا و لێکۆڵینەوە لە گۆشە نیگایەوە، دەمانگەیەنێتە قووڵایی ژیری و تێفکرین و بیر و باوەڕ و دونیابینی و ئاوەزمەندی هەر نەتەوەیەك. لەمڕوانگەیەوە پەندەکان یەکێکن لە گونجاوترین سەرچاوەی لێکۆڵینەوە جیاوازەکان، لەوانەش لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کە لە نوێترین لقەکانیشی زمانەوانی درکپێکردن و بە تایبەتی سیمانتیکی درکپێکردنە. لەسەر بنەمای ئەم قوتابخانەیە، ئەزموونی مرۆڤ لە جیهانی دەرەوە بە شێوەی چەمکە ئاوەزییەکان گەنج و پرۆسەدەکرێت. لەم ڕووەشەوە زمانەوانانی قوتابخانەی درکپێکردن، پەندەکان بە سەرچاوەیەکی پڕبایەخ بۆ لێکۆڵینەوە دەزانن و میکانیزمە درکپێکردنە جیاوازەکانی وەك میتافۆر و میتۆنیمی و سکیماوێنەییەکان لە ڕاڤەی واتایی و تێگەیشتنی پەندی پێشینان بەکاردەهێنن. یەکێك لەو پرسیارانەی لە زانستی پەندناسیدا خراوەتەڕوو ئەوەیە، کە ئایا پەسن و ڕاڤەی پەندی پێشینان لەسەر بنەمایەکی ئاوەزیانە وەك ئەو تیۆریانەی جەختی لەسەر دەکەنەوە و بە دوای بنەمایەکی جیهانی لە ڕاڤەی پەندەکانن و بایەخ بەواتا و چەمکی پەند لە تەواوی زمانەکانی جیهان وەك چەمکێکی جیهانی دەدەن، سەرکەوتوو دەبێت؟ یان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تەنها لە چوارچێوەی بارودۆخی کەلتووری کۆمەڵێکی دیاریکراو لێکۆڵینبکرێت؟ لەم ڕوانگەیەوە لە لێکۆڵینەوەی پەندی پێشیناندا، دوو دەستەی جیاوازی لێکۆڵەر هەن:

یەکەم: کۆمەڵێك لێکۆڵەری قوتابخانەی درکپێکردن وەك لاکوف و تێۆرنەر، هۆنێك و تێمپڵ(Honeck& Temple )، کە بڕوایان بە ئەرکە سایکۆلۆژییەکانی وەك پۆلێنکردن و بنەمای جیهانی لە تێگەیشتنی پەنددا هەیە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە پەندی پێشینان پێش هەرجۆرە لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵایەتی، پێویستە لەڕووی ئەرکی سایکۆلۆژییەوە ڕاڤەبکرێن و بۆ تێگەیشتن و ڕاڤەی واتاییان پێویستە لایەنی درکپێکەرانە لەبەرچاوبگیرێت، چونکە پەندەکان ڕووداوەکان پۆلێندەکەن و دەبنە هۆی چێوەبەندبوونی بیر و باوەڕ و ڕەفتارەکان. ( Honeck & Welge, 1997: 608)، هەروەها بە بڕوای ئەم لێکۆڵەرانە بۆ تێگەیشتن لە واتای پەندەکان پێویستە لایەنی درکپێکردن و هەروەها لایەنی کەلتووریش لەبەرچاوبگیرێت.

دووەم: دەستە و گروپێکی دیکە وەك(Bauman & McCabe, 1970) و(Mieder, 1982)جەخت لەسەر لێکۆڵینەوەی پەندەکان لە چوارچێوەی کەلتوور و لایەنی نەریتییەوە دەکەن و پێیانوایە، کە نابێت ڕاڤەی پەندەکان لە چوارچێوەی کەلتووریدا جیابکرێتەوە، چونکە لە ڕاڤەیاندا، لادانێکی زۆر سەرهەڵدەدات.(Bradbury, 2002: 263 ). هۆکاری پەیڕەو نەکردنی ئەم گروپە لێکۆڵەرە لە بەکارهێنانی تیۆرییەکانی درکپێکردن لە ڕاڤەی پەندەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە ئەو تیۆریانە زیاتر جەخت لەسەر لایەنی ئەبستراکت و بنەمای جیهانیبوونی تیۆرییەکان دەکەنەوە، ئەمەش کەلتوور، کە بنەمایەکی سەرەکی بنیاتنان و ڕاڤەی پەندی پێشینانە، پەراوێزدەخات، بەڵام لێکۆڵەرانی قوتابخانەی درکپێکردن لەو بڕوایەدان، کە بۆ ڕاڤەی پرۆسەی بنیاتنان و تێگەیشتنی پەندەکان، پێویستە گرنگی بە هەردوو ڕەهەندی درکپێکردن و کەلتووری بدرێت.بڕوانە(Honeck & Welge, 1997: 608).

توێژینەوەکە دید و بۆچوونی قوتابخانەی درکپێکردن و بە تایبەت بۆچوونی لاکوف و تێۆرنەر لە ڕاڤەی پەندی پێشیناندا دەخاتەڕوو.

### 2-2-درکپێکردنی بنەمای میتافۆری لە پەندی پێشینان :

پەندی پێشینان کەرەستەیەکی پڕبایەخە لە لێکۆڵینەوە درکپێکردنەکان لە زمانەوانییدا، چونکە بە لێکۆڵینەوەیان دەکرێت پەی بە بیر و باوەڕ و تێڕوانین و دونیابینی و شێوازی بیرکردنەوە و ئاوەزمەندی و چۆنییەتی بەچەمککردن و پۆلێنکردنی جیهانی دەوروبەر و لە ئەنجامدا بنەمایەکی جیهانی پەندەکان ببرێت. بۆ ئەمەش قوتابخانەی درکپێکردن بانگەشەی ئەوە دەکات، کە پەندی پێشینان لە بنەڕەتدا و بەشێوەیەکی سروشتی میتافۆرییە و پێویستە لە

ڕوانگەی میتافۆر و لەسەر بنەمای سیستەمی درکپێکردنی مرۆڤ ڕاڤەبکرێت. بە بۆچوونی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە بە بەکارهێنانی میکانیزمەکانی درکپێکردن لە تێگەیشتن و ڕاڤەی واتایی پەندەکان، دەتوانرێت بنەما جیهانییەکانی زمان بدۆزرێتەوە. بەمشێوەیە پەندەکان شێوازی بیرکردنەوە و چۆنییەتی بەچەمککردن و پۆلێنکردن و چۆنییەتی گواستنەوەی ئەم زانستە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە نیشاندەدەن.

لە میتافۆری چەمکیدا، مامەڵە لەگەڵ دوو مەودادا دەکرێت، یەکێکیان مەودای سەرچاوەیە، کە پەندی پێشینانەکە ئاماژەپێدەکات و تێگەیشتنمان بۆ ئەو پەندە بە شێوەی خۆکارانە، کۆزانیاری مەودای مەبەست دەستدەخات، لەم مەودایەدا پەندەکە لە دەوروبەردا(واتە بەپێی دەوروبەر) بەکاردێت. بەپێی تیۆری میتافۆری چەمکی، دەکرێت نەخشەکێشان لەنێوان مەودای سەرچاوە و مەودای مەبەست ڕووبدات، ئەو نەخشەکێشانەش بەهۆی ڕاڤە و تێگەیشتنی پەندەکانەوە بە ئەنجامدەگەیەنرێت.(روشن و همکاران، 1392: 79-80)

مرۆڤ لەکاتی بیستنی یان ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ پەندێکدا، دەتوانێت سیناریۆیەکی تەواو(whole scenario)پەیوەست بە ڕووداوێکی دیاریکراو لە ئاوەزیدا تەنها بە ئاماژەپێدان بە کەتوارێك بنیاتبنێت.بڕوانە(Lakoff & Turner,1989: 162-163). بۆ نموونە بۆ وەسفکردنی ئەم دیاردەیە، لاکۆف و تێۆرنەر نموونەیەکیان خستۆتەڕوو، کە پەیکاڵە لەگەڵ(The blind blames the ditch)، واتە(کوێر لۆمەی چاڵ دەکات)، وەك مەودایەکی سەرچاوە، سیناریۆیەکی گشتی لە ئاوەزی مرۆڤدا هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە کەسی نابینا دەکەوێتە ناو چاڵەوە، لۆمەی کەسانی دەوروبەری بۆ ئەم ڕووداوە دەکات بە بێتێگەیشتنی ئەو ڕاستییەی، کە بارودۆخی خۆی هۆکاری کەوتنە نێو چاڵەکە بووە. پەیکاڵ لەگەڵ ئەمەشدا وەك مەودای مەبەست، ئەم سیناریۆ سادەیە، دەکرێت بە بارودۆخی هاوشێوەی دیکە و چینێکی فراوانتر لە خەڵك پەیوەست و فراوانبکرێت، کە تێیدا کەسێك لۆمەی دەوروبەرەکەی خۆی بۆ کارێك/ڕووداوێك، کە خۆی هۆکاریەتی(واتە بێتوانایی و خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی بۆ نموونە لە ئەنجامی نەزانی)بکات.(Nassaji,2002: 439-440).

کۆی ئەو سیناریۆیانەی پەندی(کوێر لۆمەی چاڵ دەکات)بنیاتنەری فەزای ئاوەزیین لە ئاوەزی مرۆڤ و دەکرێت هەریەك لەو فەزائاوەزیانە بەپێی ئەزموون و مەوداچەمکییەکان و چوارچێوەی واتایی توخمەپێکهێنەرەکانی پەندەکە،...هتد، فەزای ئاوەزی دیکە بنیاتبنێن، لەم ڕووەوە دونیابینی و شارەزایی و ئەزموون یارمەتیدەردەبن بۆ بنیاتنانی فەزائاوەزییەکان. بەم پێیە پەندەکان هێزی گشتگیریان هەیە، واتە هێزی واتابەخشین بۆ کۆمەڵێك حاڵەتی بەرفراوان. ئەو واتایانەش لە ئەنجامدا دونیابینی و ئاوەزمەندی تاك یان کۆمەڵێکی دیاریکراوی سەر گۆی زەوی پەیوەست بە پەندێکی دیاریکراو دەخاتەڕوو.(Lakoff and Turner 1989:165). ئەم مامەڵەیەی نێوان پەندی پێشینان و میتافۆر، دەکرێت لە مۆدێلی میتافۆری زنجیرەی مەزن(The Great Chain Metaphor)ی لاکۆف و تێۆرنەر ڕاڤەبکرێت. هەرچەندە پەیوەست بە مامەڵەی نێوان پەندی پێشینان و سیمانتیکی درکپێکردن، تێروانین و تیۆری جیاواز لەلایەن لێکۆڵەرانی قوتابخانەی درکپێکردن خراوەتەڕوو، کە گرنگترینیان دەکرێت(میتافۆری زنجیرەی مەزن)لە ڕاڤەی واتایی و تێگەیشتنی پەندی پێشینان بێت، هەروەها (Honeck & Temple)لە ڕاڤەی واتایی پەندی پێشینان، تیۆری بنەمای چەمکی فراوانکراو/ نظریة القاعدة المفاهیمیة الموسعة (extended conceptual base)یان پێشنیازکرد. تیۆرییەکە لە پرۆسەی ڕاڤەکاری پەندی پێشینان ئاماژە بە چوار هەنگاو دەکات.

1- درکپێکردنی هاوکێشە/مەسەلەکە: لەم قۆناغەدا جیاوازی نێوان واتای پیتی/فەرهەنگی پەندەکە و واتای دەوروبەری بەکارهاتوو، دەکات.

2- قۆناغی گواستنەوە: لەم قۆناغەدا واتای پیتی/فەرهەنگی پەندەکە فراواندەکرێت و دەناسرێتەوە.

3-بەهۆی پرۆسەی فراوانکردنەوە، دوو یان چەند واتایەکی هەمبەری لە ڕاڤەکردنی پەندەکە دێتەکایەوە.

4- قۆناغی میتافۆرییە: لەمقۆناغەدا بنەمایەکی چەمکی بنیاتدەنرێت تاکو بۆ واتا هەمبەرییەکان، وەك بنەمایەکی شیاوی بەراوردکاری هەژماربکرێت. بەواتایەکی دیکە بنەمای چەمکی بۆ ڕووداوە نوێیەکان فراوان دەبێت، کە ئەبستراکت و گشتین. بەگشتی ئەم تیۆرییە پرۆسەی تێگەیشتن و ڕاڤەی پەندەکان وەك پرۆسەی شیکاری هاوکێشە دەزانێت، کە پێویستی بە دەستپێگەیشتن بە میتافۆری چەمکی یان هیچ میکانیزمێکی تایبەتی پێشوەختە نییە .(Gibbs and et al, 1996: 208-209).

## 3-2-تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن(GCMT[2]/ Great Chain Metaphor Theory) :

میتافۆرەچەمکییەکان و دەربڕاوەمیتافۆرییەکان بۆ چەندین دەستەی سیستەماتیك دابەشکراون، بە سیستەمی میتافۆری ناسراون. یەکێك لەم سیستەمە میتافۆرییە، (میتافۆری زنجیرەی مەزن)ە، کە تێیدا بوونەکان بەپێی تایبەتمەندی و سیفەتەکانیان، کە ڕەفتارەکانیان دەنوێنێت، لەسەر زنجیرەیەکی ستوونی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دانراون. لاکۆف و تێۆرنەر بە خستنەڕووی سیستەمی(میتافۆری زنجیرەی مەزن)، بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە زۆرێك لە بوارەکانی دروستەزمانییەکان پەیوەستن بە سیستەمی پەیپێبردنی مرۆڤەوە و درکپێکردنی مرۆڤ لەسەر بنەمای شێوازە میتافۆرییەکانی بیرکردنەوە ڕوودەدات. ڕاڤە و تێگەیشتن لە واتای پەندی پێشینان لەناو تیۆری میتافۆرە چەمکییەکان/ CMT[3] لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و مۆدێلێک بۆ ڕاڤەی پەندی پێشینان پێشنیازکراوە، کە خۆی لە مۆدێلی مێتافۆری زنجیرەی مەزندا دەبینێتەوە، کە گرنگترین تیۆرییە لە ڕاڤە و شیکردنەوەی واتای پەندی پێشینان. ئەوەی وایکرد، کە میتافۆری زنجیرەی مەزن بۆ ڕاڤەی پەندەکان لەڕوانگەی لاکۆف و تێۆرنەردا(لە کتێبی More Than Cool Reason) بگونجێت، ئەوەیە، کە چوار پێکهاتەی هەیە، وەك چوار بنەما، پێکەوە کاردەکەن بە مەبەستی وەڵامدانەوەی شێوازی ڕاڤەی واتایی مرۆڤ بۆ پەندەکان. ئەم چوار پێکهاتە بریتیین لە:

### 3-2-1-زنجیرە مەزنی بوون (GCofB[4]/ The Great Chain of Being):

چەمکی (زنجیرەی مەزنی بوون)، کە دەگەڕێتەوە بۆ لۆڤجۆی (Lovejoy،١٩٣٦)، ئەوە دەگەیەنێت، بوونەوەرەکانی جیهان یەکسان نین، بەڵکو بە شێوەیەکی پلەبەندی/سەرەوریزبوون لەسەر تەوەرێکی ڕاست ڕێکخراون، خودا لە سەرەوە و لە خوارەوە تەنە بێگیانەکان و هەروەها لە نێوانیاندا، مرۆڤ و ئاژەڵ هەن.(Bunnin and Yu, 2004: 289) Lovejoy, ئەمەی بە بنەمای پلەبەندی ناوبرد و پێیوابوو، کە ئەم تێڕوانینە دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەکانی ئەفلاتون و ئەرستۆ سەبارەت بە جیهانی سروشتی.

یەکێک لە پێکهاتەکانی میتافۆری زنجیرەی مەزن، مۆدێلی کەلتووری زنجیرەی مەزنی بوونە. لاکۆف و تیۆرنەر ئەم مۆدێلە بۆ دوو بەش دابەشدەکەن، کە خۆی لە: مۆدێلی بنەڕەتی(basic) و فراوانکراو(extended)دەبینێتەوە، واتە هەم لە فۆرمێکی بنەڕەتیدا دەردەکەوێت و هەم لە فۆرمێکی درێژکراوەدا

(خودا و کۆمەڵیش دەگرێتەوە). بۆ لێکۆڵینەوە لەو میکانیزمەی، کە مرۆڤ بە هۆیەوە لە واتای پەندی پێشینان تێدەگات. جۆری بنەڕەتی زنجیرەی مەزنی بوون، پەیوەستە بە پەیوەندی مرۆڤ بە بوونەکانی ئاستەکانی خوارەوەی خۆی، بەڵام جۆری فراوانکراو پەیوەستە بە پەیوەندی مرۆڤ بە خودا، کۆمەڵ، گەردوون/جیهان.(Lakoff & Turner,1980:167). توێژینەوەکە تیشکدەخاتەسەر زنجیرەی مەزنی بنەڕەتی(The Basic Great Chain).

لاکۆف و تێرنەر بە گرنگیدان بەم پێکهاتەیە ، سەرنجی خۆیان خستە سەر مۆدێلی بنەڕەتی زنجیرەی مەزنی بوون، کە تێیدا ئەو بوونەوەرانەی لە پلەبەندی بەرزتردا ڕیزکراون خاوەنی توانای بەرزترن و ئەوانەی لە پلەبەندی خوارەوەدان خاوەنی توانای نزمن. بۆ نموونە لەم پلەبەندیەدا مرۆڤ لە بەرزترین ئاستدا هەڵکەوتووە، دواتر ئاژەڵ و ڕووەک و دواجار شتە بێگیانەکان، جگە لەوەش هەریەک لە ئاستەکان، ئاستی لاوەکی خۆیان لەخۆدەگرن، وەک لە ئاستی ئاژەڵدا، ئاژەڵە گەورەکانی، وەک ئەسپ لە شوێنێکی بەرزتر لە پلەبەندیدا هەڵکەوتوون بە بەراورد بە مێرووەکان. بڕوانە( Khairul Adilah & Jamal,2022:39).

بەمەش تا بوونەکە بەرزتر بێت، سیفەت یان ئاستی کارکردنی زیاترە، بەو واتایەی تەنە بێگیانەکان تەنها تایبەتمەندی فیزیکییان هەیە (شتە ئاڵۆزەکان تایبەتمەندی پێکهاتەیی و کارایییشیان هەیە)، ڕووەکەکان هەم تایبەتمەندی فیزیایی و هەم تایبەتمەندی بایۆلۆژییان هەیە، ئاژەڵەکان، جگە لە سیفەتە ئاماژەپێکراوەکان، غەریزەشیان هەیە، و مرۆڤەکان هەموو تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئاستی خوارووتری خۆیدا هەیە، لەگەڵ سیفەتە تایبەتەکانی وەک، عەقڵ، هەستەباڵاکان، زمان، هەستی جوانکاری، کەسایەتی، کۆمەڵایەتیبوون و هتد. وەك لە هێڵكاری(1)ڕوونکراوەتەوە، بۆیە مەبەست لەم میتافۆرە مەزنەی زنجیرەی بوون، تێگەیشتنە لە کەسێتی گشتی مرۆڤ لەڕووی سیفەتە نامرۆڤییەکانەوە و بە پێچەوانەشەوە، هەستکردنە بە سیفاتە نامرۆیەکان لەڕووی تایبەتمەندییە مرۆڤییەکانەوە.




هێڵکاری(1)نواندنی تایبەتمەندی بوونەکان لە زنجیرەی مەزنی بووندا.

بەبڕوای لاکۆف و تێرنەر، ئەوە میتافۆری زنجیرەی مەزنی بوونە، ڕێگەمان پێدەدات لە تایبەتمەندییەگشتییەکانی کەسایەتی مرۆڤ لەڕووی سیفەتە نامرۆییەکانەوە بە باشی تێبگەین، و بە پێچەوانەوە ڕێگەمانپێدەدات لایەنە کەمتر تێگەیشتوەکان لە سروشتی گیاندار و تەنەکان/شتەکان لەڕووی ئەو تایبەتمەندییە مرۆییانەی، کە باشتر درکیانپێکراوە، تێبگەین.(Lakoff and Turner, 1989: 172).

بەم پێیە لە زنجیرەی مەزنی بوون، سروشتەکان(دیاردە سروشتییەکان) لەسەر بنەمای تایبەتمەندییەکانیان، کە دەستنیشانکەری ڕەفتارەکانیانە، لەسەر هێڵێکی ستوونی لە ئاراستەی سەرەوە بۆ خوارەوە جێیاندەبێتەوە. هەریەك لە بوونەکان و تایبەتمەندییەکانیان لە سەرەوەی هێڵی ستوونی و هەندێکی دیکەش لە خوارەوەی جێیاندەبێتەوە. لە سەرەوەی ئەم هێڵە، مرۆڤەکان پەیکاڵ لەگەڵ خەسڵەت و تایبەتمەندییە باڵاکانیان(وەك لۆجیك)شوێنیانکراوەتەوە. لە قۆناغێکی خوارتر، ئاژەڵەکان بە خەسڵەت و تایبەتمەندییە غەریزەییەکانیانەوە دانراون. پاش ئەم قۆناغە، ڕووەکەکان بە تایبەتمەندییە بایۆلۆژی/زیندەزانییەکانیان(Biology)، پاشان لە قۆناغ و ئاستێکی خوارتر لە ڕووەکەکان، شتەئاڵۆزەکان بە تایبەتمەندییە دروستەیی و پێکهاتەییەکانیان و لە کۆتا قۆناغیش، کە نزمترین قۆناغی ئەم تەوەرەیە، ئەو تەنانەی، کە خاوەنی تایبەتمەندی ماددی/فیزیکین جێیانکراوەتەوە. واتە زنجیرەیەکی مەزنی بوون پێڕەوی خۆی هەیە و مرۆڤەکان سەرەتا دانراون، دواتر ئاژەڵ و ڕووەک و لە کۆتاییدا بوونەوەری بێگیان. لەم ئاستانەدا ئاستی لاوەکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

بۆ نموونە لە ئاستی ئاژەڵدا، ئاژەڵە گەورەکان لە پێگەیەکی بەرزتردا دێن لەسەر هێڵەکە بە بەراورد بە ئاژەڵە بچووکەکانی وەک مێروو، واتە ئەسپ لە پشیلە و پشیلە لە مێرووەکان و درەختەکان لە قەوزەکان لە پلەیەکی باڵاتردان. تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە هەر ئاستێک هەڵگری هەندێک

تایبەتمەندی ئاستی خوارەوەی خۆیەتی، بۆ نموونە مرۆڤ لەڕووی تایبەتمەندییە درندەییەکانی ئاژەڵەکان، دەکرێت لە هەندێك لەو تایبەتمەندییانەدا لەگەڵیاندا هاوبەشبێت، بۆیە هەر بوونێك لە هەر ئاستێکدا هەڵگری زۆرینەی تایبەتمەندییەکانی ئاستی لە خۆی خوارترە، جگە لەوەی، کە هەڵگری تایبەتمەندییە باڵاکانی خۆشیەتی، کە لە ئاستی خوار خۆی بوونی نییە. تا ئاستەکە بەرزتر بێت، بوونەکان خاوەنی تایبەتمەندیی زیاترن، کەواتە، مرۆڤ خاوەنی سیفەت و ڕەفتاری جەستەیی + بایۆلۆژی + غەریزەیی + تایبەتمەندییە باڵاکانی وەک عەقڵ، مۆراڵ، هەستی جوانکاری و...تد،یە. تایبەتمەندی هەر بوونێك لە سەرەوریزبوونی زنجیرەی مەزنی بوون لە هێڵکاری(2) دەخرێتەڕوو.(Kovecses,2010:154-155 ).




هێڵکاری(2)نواندنی تایبەتمەندی بوونەکان لە زنجیرەی مەزنی بوون.

ئەم زنجیرە سەرەوریزبوونە میتافۆری بوونیان لەخۆوەوە نییە، بەڵام کاتێك، کە ئاستێکی تایبەت لەو سەرەوریزبوونە وەك(مرۆڤ، ئاژەڵ)بەهۆی ئاستێکی دیکەوە بەچەمکدەکرێت. ئەو زنجیرە سەرەوریزبوونە بۆ زنجیرەیەکی میتافۆری دەگۆڕێت. ئەم پرۆسەیە(واتە تێگەیشتنی ئاستێك بەهۆی ئاستێکی دیکەوە)دەتوانێت بە دوو ئاراستەدا ڕووبدات، یان لە خوارەوە بۆ سەرەوە، یان لە سەرەوە بۆ خوارەوە. کاتێك مرۆڤەکان وەك ئاژەڵ یان تەنی بێگیان بەچەمکدەکرێن، ئەوا جووڵە لە خوارەوە بۆ سەرەوەی سەرەوریزبوونەکە ڕوویداوە(واتە لە مەودایەکی سەرچاوەی خوارتر بەرەو مەودای مەبەستی بەرزتر لە زنجیرەی مەزنی بووندا ڕووبەڕوو دەبینەوە) بڕوانە هێڵکاری(3) و نموونەکانی(6أ-د)، بەپێچەوانەوە کاتێك ئاژەڵ و تەنە بێگیانەکان وەك مرۆڤ چەمکسازیدەکرێن، جووڵە لە سەرەوە بەرەو خوارەوەیە(واتە تایبەتمەندییە مرۆییەکان لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەگوازرێنەوە). بڕوانە هێڵکاری(3).(کوچش، 1393: 212). بڕوانە نموونەکانی(7أ-ت).




هێڵکاری(3)




هێڵکاری(4)

بەپێی هێڵکاری(3)جێبەجێکردنی ئەم پرۆسەیە دەکرێت لە پەندی پێشیناندا بەدیبکرێت، کە تێیدا ئاژەڵ و ڕووەك و تەنی بێگیان وەك مرۆڤ چەمکسازیبکرێت. بڕوانە نموونەی(5).

6أ- بزن کە ئەجەلی هات، نانی شوان ئەخوات.

6ب- کەری پیر و هەوساری نۆ، زەرەزەرەیەتی لە دەوری جۆ.

6پ- ڕێوی دەمی نەگەیشتە ترێ، ئەیوت ترشە.

6ت-قەل بە قەل دەڵێت ڕوت ڕەش بێت.

6د-بەردی بچوکیش سەر دەشکێنێت.(خاڵ، 1969: 100،306،227، 385،).

هەر کاتێك تێگەیشتنی تایبەتمەندی و سیفەتی یەکێك لە ئاستەکانی زنجیرەی مەزنی بوون لەسەر بنەمای ئاستێکی دیکە ڕوودات، ئەوا سوود لە میتافۆری زنجیرەی مەزنی بوون وەرگیراوە. تێگەیشتن و درکپێکردنی تایبەتمەندی و سیفاتی مرۆڤ لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و سیفاتی ئاژەڵ و ڕووەکەکان و تەنی بێگیان دەرخەری ئەو ڕاستیەیە، کە مرۆڤ تەنانەت بۆ تێگەیشتنی ئەو چەمکانەی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە، پێویستی بە بەچەمککردنی میتافۆریانەیە. لە زمانی کوردی بەگشتی(بزن) بە نیشانەی واتایی(لاساری)ناسراوە. نموونەی(6أ)ئاماژەیە بە ئاژەڵێك، کە لە ئەنجامی خواردنی نانی شوان، بە لێدانێکی باش لەلایەن شوانەوە کۆتایی دێت. ئەمەش هەرخۆی فەزایەکی ئاوەزی لای گوێگر بەرجەستەدەکات. دەکرێت ئەم سیناریۆیە وەك مەودایەکی سەرچاوە بۆ ڕاڤە و تێگەیشتنی بارودۆخی هاوشێوە بەکاربهێنرێت. بەشێوەیەك، کە لە سەرەوەرێزبوونی(میتافۆری زنجیرەی مەزنی بوون) و میتافۆری چەمکی(مرۆڤ گیانلەبەرە)، (بزن) بە (مرۆڤ) و (خواردنی نانی شوان) بە (کاری مەترسیدار و لاساریکردن)نەخشەسازیدەکرێت.

بەمەش لەم ڕاڤەکارییەدا، پەندەکە، دەکرێت واتای(کەسێك، کە توخنی شتێکی بە نرخی کەسێکی لەخۆ گەورەتر بکەوێت)بگرێتەوە، ئەمەش فەزایەکی ئاوەزی بنیاتنراو دەنوێنێت، جگە لەو فەزائاوەزییەی لەسەر بنەمای کەتوار بنیاتنرابوو. (6ب) ئاماژە بە دابونەریتی کوردەواری دەکات، کە وا باوە لە تەمەنی پیری، مرۆڤ دەبێت زیاتر خەریکی دوعا و نزا و بەندایەتی و چاکە و داوای لێخۆشبوون، چاوەڕێی مردن بکات، بۆیە ئەگەر لەو تەمەنەدا کارێك بکرێت، گونجاوی ئەو سەردەمەی نەبێت و پەیوەندی بە تەمەنی گەنجێتییەوە بێت، پەندی پێشینانی نموونەی(6ب) بەکاردێت. (کەری پیر)و (هەوساری نۆ) وەك هاوتاکانی مەودای سەرچاوە، نەخشەکێشان بۆ چەمکەکانی(مرۆڤی بەتەمەن) و (کاری نەگونجاو) ڕوودەدات، بەپێی میتافۆری چەمکی(مرۆڤ گیانلەبەرە)، (کەری پیر) هەمان(مرۆڤی بەتەمە). هەمان ڕاستی بۆ نموونەکانی(6پ-د) دەگونجێت، هەروەها پێویستە ئەوەش لەبیرنەکرێت، کە لە پرۆسەی ڕاڤە و تێگەیشتنی پەندەکان مەرج نییە هەموو ئەو زانیارییە بخرێتەڕوو یان میتافۆریانە لێکبدرێنەوە، چونکە ئاخێوەر و گوێگریش سیفەتە باڵاکەیان مەبەستە، کە نامرۆییە.

ئەمەش وادەکات تێبینیکردنی ئەوەی، کە لە کەلتووری کوردەواریدا، زاراوەی پەیوەندیدار بە ژینگە بۆ بنیاتنانی پەندی پێشینان بە پشتبەستن بە بارودۆخی جوگرافی و ژیانی گوندنشینی بەکاردەهێنرێت، پێشبینیلێکراو بێت. لەمەشەوە نموونەکانی(6أ-د) جووڵە لە خوارەوە بۆ سەرەوەی سەرەوڕیزبوونەکە دەردەخەن، کە مرۆڤ وەك گیانلەبەر یان تەنی بێگیان چەمکسازیدەکات( وەك لە هێڵکاری(3)خرایەڕوو). لەلایەکی دیکەوە، بەپشتبەستن بە هێڵکاری(4) و چەمکسازیکردنی گیانلەبەر و تەنە بێگیانەکان وەك مرۆڤ و لەئەنجامدا جوڵە لە سەرەوە بۆ خوارەوەی سەرەوڕیزبوونەکەی میتافۆری زنجیرەی مەزنی بوون، دەکرێت نموونەکانی(7أ-پ)ڕوونکردنەوەی زیاتر بە دەستەوەبدەن.

7أ-دار و دیوار گوێی هەیە.

7ب- دار پیر ئەبێ، جارێك باز بە سەریەوە ئەنیشێ.

7پ-دار ئەڵێ ئەگەر تەور کلکی لە خۆم نەبوایە، نەی ئەبڕیمەوە.

7ت- خەو برای مەرگە.(خاڵ، 1969: 167، 181-182).

بەپێی هێڵکاری(4)تێگەیشتنی مرۆڤ بۆ ئەو دیاردە و تەنانەی، کە تایبەتمەندی مرۆییان تێدا نییە، لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و سیفاتی خۆی(کە مرۆڤ ئاشنایە پێیان)ڕوودەدات، واتە نەخشەکێشان لەنێوان لایەنێك لە سیفەتەکانی مرۆڤ لەسەر زنجیرەی مەزنی بوون لەگەڵ سیفەتێکی تەنەبێگیانەکان ڕوودەدات و لەم ڕێگایەوە تەنەکان یان کەتیگۆرییەکان بۆ ئاوەزی مرۆڤ دەناسرێنەوە. لە نموونەکانی(7أ-ت)، (گوێبیستن، پیربوون، قسەکردن، برایەتی) ئەو چەمکانەن، کە ئاوەز بەرەو مرۆڤ ئاراستەدەکەن.

بۆ نموونە ئەگەر ڕاڤەی (7أ) بکرێت، ئەوا (گوێبیستن) بە تایبەتمەندی مرۆڤەوە دەچێتە ئاوەزی گوێگرەوە، واتە تایبەتمەندی و سیفەتی مرۆیی بۆ ڕووەك و تەنی بێگیان(دار و دیوار)نەخشەسازیکراوە، ئەم تایبەتمەندییانە، ڕەفتار و تایبەتمەندییە مرۆییەکانن، کە بەغەیری مرۆڤ دراوە. لە(7أ)دا هەبوونی(ئەندامێکی جەستەیی وەك گوێ)لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤە، کە گواستراوەتەوە بۆ غەیری مرۆڤ، واتە ڕووەك و تەنی بێگیان. لەمەشەوە ئەم ئەزموونە، کە ئەنجامی تێگەیشتنی مرۆڤە لە خۆی، لە دیاردەی کۆنکرێتی بۆ دیاردە ئەبستراکتەکان و چەمکەکانی وەك پەندەکانی (7أ-ت) گواستراوەتەوە، تێیدا سیفەتێکی مرۆڤ لە ئاستی مرۆڤ زنجیرەی مەزنی بوون بۆ ئاستی ڕووەك و تەنی بێگیان نەخشەسازیدەکرێت، واتە تێگەیشتنی ئاستەکانی ڕووەك و تەنی بێگیان بەپێی ئاستی مرۆڤ لەسەر زنجیرەی مەزنی بوون ڕوویداوە و (دار و دیوار) بە مرۆڤ دەشوبهێنرێت، چونکە هەڕەشەکە لەوەدا دروستدەبێت، کە کاتێك دار و دیوار گوێیان بێت، هێمایە بۆ مرۆڤی خراپ و فیتنە، چونکە هەر ئەو خاوەن گوێیانە، کە مرۆڤە بۆی هەیە هەڕەشە دروستبکەن و دەبێت مرۆڤ لێیان پارێزراوبێت، ئەگەرنا گیانلەبەرانی دیکەش گوێیان هەیە و نابنە هیچ هەڕەشەیەکیش، تەنها مرۆڤە دەبێت ئاگاداری ئەوە بێت گوێی لە شتەکانت نەبێت، بۆیە دار و دیوار وەك مەودای سەرچاوە ئاماژەیە بە مرۆڤی فیتنە و خراپ. هەمان ڕاستیش دەکرێت بۆ پەندەکانی دیکەی نموونەی(7)بگونجێت.

بەپێی GCofB، مرۆڤ پەندی پێشینان وەك ڕێگایەك بۆ تێگەیشتنی توانا ئاڵۆزەکانی مرۆڤ بەهۆی شت و دیاردەی ترەوە تێدەگات. پەیوەست بەم لایەنەوە GCofB خۆی وەک مۆدێلێکی کەلتووری هاوچەرخ پێشکەشدەکات، وەك پێویستییەك بۆ تێگەیشتنمان لە خود و جیهان و زمانەکەمان. بۆیە بەکارهێنانی ئاژەڵان و بوونەوەرانی ئاستەکانی خوارووتری سەر زنجیرەکە بۆ ئاخاوتن لەسەر مرۆڤەکان تەنیا جۆرێکە لە هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری مرۆڤەکان، کە بەهۆیەوە ئەوەی مەبەست بێت، هەستی جوانناسی و ئەخلاقی و توانای ئاوەزی مرۆڤە، نەک تایبەتمەندییە فیزیکی و ئارەزووە ئاژەڵییەکانی...هتد.(Lakoff and Turner,1989: 166-167).

2-3-2-سروشتی شتەکان(NofT)[5] /The nature of things) :

بەپێی NofT هەر بوونێک سروشتێکی هەیە و سروشتەکەیان بڕیار لەسەر شێوازی هەڵسوکەوتەکانیان دەدات، بەواتا هەر بوونێك خاوەنی سروشتی تایبەت بە خۆیەتی، ئەو سروشتەیە، کە هۆکاری ڕەفتار و کرداریانە. بۆ نموونە ماددە/تەنەکان تایبەتمەندی وەك نەرمی، تووڕتی، ڕەقی...هتد یان هەیە، لەم ڕووەشەوە، چەمانەوە و جوڵاندنی شتە سەختەکان(hard things)ئەستەمە. بەم پێیەش خەسڵەت و تایبەتمەندی هەر بوونێك ڕەفتاری ئەو جۆرە بوونەی لێدەکەوێتەوە، هەروەها ئەم پێکهاتەیە ئاماژە بە سیفەتە فیزیاییەکانی بوونەوەرێکی دیاریکراو دەکات، کە لە ئەنجامدا ڕەفتاری جەستەیی لێدەکەوێتەوە. بەمەش NofTتیۆرێکی نائاگاییانە و ئۆتۆماتیکی و باو پەیوەست بە سروشتی شتەکانە، واتە ئاماژە بە پەیوەندی نێوان(شتەکان چۆنن و چۆن هەڵسوکەوت دەکەن)دەکات. لەم ڕوانگەیەوە NofTتیۆرێکی هۆکارانەیە، کە سیفەتەکان بە ڕەفتارەوە دەبەستێتەوە، واتە ڕەفتاری تایبەتمەندی بوونێك دەرئەنجامی سیفەتە تایبەتمەندەکانییەتی.(سەرچاوەی پێشوو: 170-171). بۆیەNofTلە GCMT لەگەڵ GCofB ئاوێتەدەبێت بۆ ڕاڤەی پەندی پێشینان، بەو واتایەی، کە کاتێک میتافۆری زنجیرەی مەزنی بوون لەگەڵ کۆزانیاری سروشتی شتەکاندا ئاوێتەدەکرێت، دەتوانرێت تیۆرێکی فۆلکلۆری پلەبەندی بە دەستبهێنرێت. نموونەکانی سروشتی شتەکان پەیکاڵ لەگەڵ میتافۆری زنجیرەی مەزنی بوون لە هێڵکاری(5) ڕوونکردنەوە بە پێشکەشدەکەن.




هێڵکاری(5) سروشتی شتەکان پەیکاڵ لەگەڵ میتافۆری زنجیرەی مەزنی بوون.

## 2-3-3-میتافۆری( گشتی- تایبەت)ە(The Generic Is Specific Metaphor):

پێش ئەوەی پەسنی چۆنییەتی مامەڵەکردنی میتافۆری(گشتی-تایبەت)ە لە ڕاڤەکردنی پەندی پێشینان بکرێت، پێویستە هەردوو جۆری میتافۆری گشتی و میتافۆری تایبەتی بخرێنەڕوو. میتافۆرەچەمکییەکان لەڕووی ڕادەی گشتێتییانەوە بۆ دوو چەشنی میتافۆری ئاستی گشتی( Generic-level metaphors) و میتافۆری ئاستی تایبەتی(Specific-level metaphors) دابەشدەکرێن.(44: Kovecses,2010 ).

یەکەم: میتافۆری ئاستی گشتی: ئەو چەشنە میتافۆرەیە، کە وردەکاری کەمتر لەخۆدەگرێت و ئازادییەکی زیاتر بە مەودای مەبەست دەبەخشێت تاوەکو ئەزموونی زیاتر لەڕێیانەوە دەربڕێت. وەك میتافۆری(ڕووداوەکان کردارن/EVNTS ARE ACTION )، کە وەچەپۆلێك دەنوێنێت. بڕوانە(8أ-پ).


8أ-باروودۆخەکان شوێنن: وەك، لە ئازاردام. لە خەمۆکی هاتەدەرەوە.

8ب-گۆڕانەکان جوڵەن: وەك، بەرەو مایەپووچی دەڕوات.

8پ-ئامانجەکان(اهداف) مەبەستن: لەمماوەیەدا باش بەرەو پێشچووە/پێشکەوتووە.

لە میتافۆری ئاستی گشتی (ڕووداوەکان کردارن)، مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەکی گشتی دەکرێت، کە ئەم ڕووداوانە دەکرێت ڕووداوی تایبەتتری وەك(8أ-پ) لێبکەوێتەوە، بۆیە ئەم چەشنەی میتافۆر بە وردی ئەوە دیارنیاکات، کە بۆ ڕووداوێك کام خاڵ لە سکیمای ڕووداو لەگەڵ کام خاڵ لە سکیمای کردار نەخشەکێشان ڕوودەدات.

دووەم: میتافۆری ئاستی تایبەتی: ئەو میتافۆرانەن هەڵگری وردەکارین و لە ئاستێکی دیاریکراو و سنورداردا بەکاردەهێنرێن وەك میتافۆرەکانی(ژیان گەشتە)(گفتگۆ شەڕە)(بیرۆکەکان خۆراکن). بەمەش لە میتافۆری(ژیان گەشتە)(بیرۆکەکان خۆراکن)، هەریەك لە چەمکەکانیان(ژیان، گەشت، بیرۆکە، خۆراك)چەمکی تایبەتیین. لە میتافۆری(ژیان گەشتە) لیستێکی دیاریکراو لە شوێنەکان لە مەودای(گەشت) لەگەڵ لیستێکی دیاریکراو لە شوێنەکان لە مەودای(ژیان)بە وردی و تەواوەتی نەخشەسازی دەبێت. لە نموونەکانی وەك(ئەوەندە قسە ڕەقبوو، قسەکانیم پێهەرسنەدەکرا. بیرۆکەکانی شیاوی هەرسکردن نین.)بڕوانە نەخشەکێشانی(بیرۆکەکان خۆراکن)لە هێڵکاری(6).




هێڵکاری(16نواندنی نەخشەکێشانی میتافۆری تایبەتی(بیرۆکەکان خۆراکن).

لەم ڕووەوە میتافۆرێکی وەك (ڕووداوەکان کردارن) بە میتافۆری ئاستی گشتی دادەنرێن، چونکە ئەم چەشنە میتافۆرانە بەهۆی دوو تایبەتمەندییەوە، دیاریکاری کەمتر لەخۆدەگرن، ئەوانەش:

1-مەودای سەرچاوە و مەبەستی دیاریکراویان نییە.

2-لیستێکی دیاریکراوی نەخشەکێشان لەنێوانیاندا نییە، بەڵام میتافۆری(بیرۆکەکان خۆراکن) بەهۆکاری ئەوەی هەڵگری ئەو دوو تایبەتمەندییە نییە، بە میتافۆری ئاستی تایبەتی دادەنرێت.

پەندەکان دەبنە هۆی دەوڵەمەندی وێنە و کۆزانیاری پەیوەست بە سکیماکان، ئاگاییمان لەبارەی ئاژەڵ و تەنەکان کۆدەکەنەوە. ئەم مۆدێلانە نەك تەنها زانیاری ئاستی گشتی وەك پەیوەندییە هۆکاری و شێوەی ڕووداوەکان لەخۆدەگرن، تەنانەت وردەکاری تایبەت و وێنەی کۆنکرێتیش دەگرنەخۆ، بۆ نموونە لە ڕاڤەی واتایی و تێگەیشتنی پەندی پێشینانی(کوێر تا دەمرێت بە تەمای دوو چاوی ساغە)لەم چەشنە سکیمای ئاستی تایبەتە سوودوەردەگیرێت، واتە ئەم پەندە نەك تەنها لەبارەی کەسانی نابینا، بەڵکو پەیوەستە بەو کەسانەی، کە بەهەر هۆکارێك داوایەکیان لە دڵدا بێت و چاوەڕێی بەدیهاتنی ئەو داواکارییە بکەن، بەکار دێت. ئەم کارە چۆن ڕوودەدات؟ چۆن پەندێك پەیوەست بە ڕارودۆخێکی تایبەت، دەبێتە هۆی تێگەیشتن و ڕاڤەیەکی گشتی؟ مرۆڤ چۆن تێدەگات، کە ئەو پەندە بنیاتنەری تێگەیشتنێکی گشتییە؟

وەڵامێکی گشتی بۆ ئەو پرسیارانە خۆی لە میتافۆرێکی ئاستی گشتی بە ناوی میتافۆری(گشتی-تایبەتە) دەبینێتەوە، کە نەخشەکێشان بۆ سکیمایەکی ئاستی تایبەت لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە سکیمای ئاستی تایبەتی دیکە دەکات، هەمووشیان خاوەنی دروستەی ئاستی گشتی هاوشێوەن. ئەم میتافۆرە هاوشێوەی میتافۆرەکانی ئاستی گشتی(وەك ڕووداوەکان کردارن) مەودای سەرچاوە و مەبەستی گۆڕاویان هەیە. مەودای سەرچاوە بەستراوەتەوە بە یەک سکیمای ئاستی تایبەت و مەودای مەبەستیش سکیمای ئاستی گشتییە. فێرماندەکات، کە مەبەستەکانمان لە ئاستێکی گشتیدا دەربڕین. بەواتا لەم میتافۆرەدا، مەودای سەرچاوە سنووردارە بە یەک سکیمای ئاستی تایبەت و مەودای مەبەستیش بریتییە لە سکیمای ئاستی گشتی. سکیمای ئاستی گشتی خاوەن توانایەکی گشتگیرە، واتە هێزی تێگەیشتنی مەودایەکی بەرفراوان لە حاڵەتەکانیدا هەیە بۆیە خاوەنی توانای تایبەتمەند نییە.

سکیمای ئاستی تایبەت کۆنکرێتین و لەهەمانکاتدا هەڵگری زانیاریی دەوڵەمەندن، پەیوەستن بە ئەزموونی ڕۆژانەی مرۆڤەوە، هەڵگری بڕێکی زۆر زانیارین لەبارەی ئەزموونە ڕۆژانەییە کۆنکرێتییەکانەوە. پەندی پێشینان هەردوو جۆری تواناکە بەکاردەهێنێت: مرۆڤ بەرەو تایبەتمەندی گشتی دەبات، کە سەرەڕای ئەوەش لەسەر دەوڵەمەندی دۆخێکی تایبەت زەمینەسازیکراوە(Lakoff &Turner,1989:162, 165). بۆیە سکیمای ئاستی گشتی بریتییە لە پێکهاتەیەکی دیاریکراوی زانیاری، کە لە تێگەیشتن لەوەی ئەو پەندە مانای چییە بەکاردەهێنرێت و بەشێوەیەکی خۆکارانە بەهۆی پەیوەندییە ناوەکییەکانی پەندەکە بانگهێشتدەکرێت و تایبەتمەندییەکی گشتی بنیاتدەنێت، کە لە ئاستێکی باڵادا ئەم پەیوەندییە دەنوێنێت.( Gibbs and et al,1996: 209).

لاکۆف و تێۆرنەر شێوازی نەخشەکێشانی ئاستی گشتی لەسەر دۆخێکی تایبەت لە پەندێکی وەك(کوێر لۆمەی چاڵ دەکات) بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون دەکەنەوە:

سکیمای ئاستی گشتی:

1-کەسێکی بێتوانا هەیە.

2-ڕووبەڕووی دۆخێک دەبێتەوە، کە بێتواناییەکەی لەو دۆخەدا دەرئەنجامێکی نەرێنی لێدەکەوێتەوە.

3-لۆمەی دۆخەکە دەکات، نەک بێتوانایی خۆی.

4-پێویست بوو خۆی بە بەرپرسیار بزانێت نەك دۆخەکە.

ئەم زانیاریانە، زانیاری ئاستی گشتین و دەتوانرێت بەهۆی زۆرێک لە سکیماکانی ئاستی تایبەت نموونەیان بۆ دابنرێت. لاکۆف و تیۆرنەر نموونەی تیۆرەکەیان بە بەکارهێنانی کەیسی کاندیدێکی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار دەخەنەڕوو، کە هەڵەیەکی کەسی ئەنجامدەدات لەلایەن ڕۆژنامەکانەوە بڵاوکراوەتەوە، بەم شێوەیە کاندیدبوونی لە ناودەچێت. لەم حاڵەتەدا نواندنی نەخشەکێشانی سکیماکانی ئاستی تایبەت (لۆمەکردن، چاڵ و کوێر) لەسەر میتافۆری ئاستی گشتی لە هێڵکاری(7)دەستدەخرێت.(Lakoff&Turner,1989:163-164).




هێڵکاری(7) نواندنی نەخشەکێشانی سکیماکانی ئاستی تایبەت (لۆمەکردن، چاڵ و کوێر) لەسەر میتافۆری ئاستی گشتی.

میتافۆری(گشتی-تایبەتە) لە ڕاڤە و تێگەیشتنی پەندی پێشینان و دەربڕاوە چەسپاوەکان سوودبەخشە. پەندەکان بەگشتی لە چەمکی ئاستی تایبەت(specific-level)(یان میتافۆری ئاستی تایبەت) پێکدێن. میتافۆری(گشتی-تایبەتە)ڕاڤەیەك لە ئاستی گشتی لە پەندێك لە ئاستی تایبەتی پێشکەشدەکات، پاشان ڕێگەمانپێدەدات ئەو ڕاڤە گشتییە بۆ دیاردەی تایبەت، کە خاوەنی هەمان دروستەی ناوەکین، بەکاربهێنرێت، واتە ئەم میتافۆرە میکانیزمێکە، نەخشەکێشانی سکیمایەك لە ئاستێکی تایبەت بۆ چەند سکیمایەکی هاوتای دیکە ئەنجامدەدات، کە تەواویان هەمان دروستەی ئاستی تایبەتی مەودای سەرچاوەیان هەیە. لەمەشەوە، سکیمای ئاستی تایبەت(specific -level schema) ئەو زانیاریانە دەگرێتەوە، کە بە هۆی وشەکان یان توخمە پێکهێنەرەکانی پەندەکە دەستدەکەوێت و سکیمای ئاستی گشتی(generic-level schema) چەند چەمکێکی گشتیتر و ئەبستراکترن، کە دەتوانن سکیمای ئاستی تایبەتی دیکە بخەنەڕوو. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە پەندی پێشینان جۆرێکە لە میتافۆر، کە وەك مەودایەکی سەرچاوە بۆ زۆر مەودای مەبەست بەکاردەهێنرێت.(Lakoff&Turner,1989:162).

ئەم میکانیزمە میتافۆرییە جیا لە میتافۆرەچەمکییەکانی دیکەی وەك(ژیان گەشتە) بە بەکارهێنەری پەندی پێشینان دەرفەتدەدات، لە کۆزانیاری خۆی پەیوەست بەو سیناریۆیەی لە پەندەکەدا کۆدکراوە، بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی هاوشێوە سوودوەربگرێت. ئەم ڕاڤەکارییانەش بەپێی تیۆری فەزای ئاوەزی، هۆکاری بنیاتنانی چەندین فەزای ئاوەزییە، کە لەکاتی ڕاڤەی پەندێکدا سەرهەڵدەدەن و پێکەوە لە پەیوەندیدان و لە هەمانکاتیشدا دەتوانن ئەو فەزائاوەزییانە بە چەندین فەزای ئاوەزی دیکە پەیوەست بکەن و تۆڕێك لە فەزاکان بنیاتبنێن. بڕوانە(9).

9- مارانگاز لە گوریسی ڕەش و سپی ئەسڵەمێتەوە.(خاڵ، 1969: 370)

زۆربەی ڕەفتارەکانی مرۆڤ پێدەچێت بە شێوەی میتافۆری لە ڕێی ڕەفتاری گیانلەبەرانەوە درکپێبکرێت. لە میتافۆری زنجیرەی مەزنی بووندا، گەڕانەوە بۆ ڕەفتاری ئاژەڵەکان مرۆڤ بەرەو ئەو ئاراستەیە دەبات، کە بتوانێت هەندێك بیرۆکە بۆ مرۆڤ بگوازرێتەوە، ئەو گەڕانەوەیەش لەڕووی تایبەتمەندی ڕەفتارییانەوەیە. لە نموونەی(9)دا لەسەر زنجیرەی مەزنی بووندا، ئاستی ئاژەڵ بە تایبەتی(مار)بەکارهاتووە و تایبەتمەندییەکی دیاریکراوی ڕەفتاری ئاژەڵێك دراوەتە پاڵ مرۆڤ و بەراوردکردنی گیانلەبەر لەگەڵ مرۆڤە. نموونەی(9) لە مەودای مرۆڤدا کۆدکراوە و ڕەفتارێکی مرۆیی بە مەودای ئاستی ئاژەڵەکانەوە پەیوەستکراوە و ئاماژەپێدەری کەسێکە پێشتر ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆشی لە ڕووداوێك هەبووە و بۆ هەر شتێك، هاوشێوەی ئەوەی، کە پێشتر ئازاریداوە گشتگیریدەکات.

لە ڕاستیدا چەمکێك بۆ چەمکێکی پێشووتر لە ئاوەزیدا گشتگیردەکات. ئەزموونی خۆش و ناخۆش بە ڕووداوی گرنگ لە ژیانی مرۆڤ دادەنرێن. بۆ نموونە سووتان بە ئاگر یان ئاوی گەرم وەك ئەزموونێکی تاڵ و ناخۆش لە یادگەدا دەمێنێتەوە یان بە دەستهێنانی سەرکەوتن لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیان وەك ئەزموونێکی خۆش و شیرین لە ئاوەزی مرۆڤدا دەمێنێتەوە. بۆیە لە(9)دا، (مارانگاز) وەك کەسێك لە ڕووداوێکی تایبەتدا ئەزموونێکی ناخۆشی

بەسەردا هاتبێت، لەبەرچاودەگیرێت، کە لە دوبارەبوونەوەی ئەو ئەزموونە ناخۆشە و تەنانەت ئەزموونە خۆش و شیرینەکانیش دوورەپەرێزیدەکات. کەسی بریندار بەهۆی ئەو ئەزموونە ناخۆشەی، کە لە پێوەدانی مارەوە هەیەتی، بە بینینی هەر شتێك، کە لە مار بچێت و هەر شتێك، کە ماری بە بیردا بهێنێتەوە دوورەپەرێزیدەکات.

گوریسی ڕەش و سپی لە ئاوەزمەندی تاکدا بە ماری ڕەش و سپی دەچێت. لێرەدا بەپێی ئاوەزمەندیمان گریمانەی ئەوەی ڕەنگی ڕەش بۆ مار چەمکێکی نەرێنی و هەمبەر بەوەش ڕەنگی سپی بە چەمکێکی ئەرێنی هاتووە، پێشبینیکراوە. لە بەکارهێنانی ڕەنگی ڕەش و سپی پێدەچێت جۆرێك لە دژیەکی هەبێت، کە مرۆڤ تەنانەت لەو ئەزموونانەی پەیوەست بە(مار)هوە ئەنجامێکی باشیشی هەبێت، دوورەپەرێزیدەکات. (مار)وەك مەودای سەرچاوە ئاماژەیە بە(مرۆڤ)، (سڵکردن لە گوریسی ڕەش و سپی) وەك مەودایەکی سەرچاوە لە ئاستێکی تایبەتدا ئاماژە بە(کەسێکی بریندار لە ڕووداوێکی ناخۆش) دەکات، بەواتا ئەزموونی ڕووداوێکی ناخۆشی ئاژەڵێك لە ئاستێکی تایبەتدا و گواستنەوەی بۆ ئاستێکی گشتی، کە پەیوەستە بە مرۆڤەوە. لەمەشەوە (مارانگاز) کەسێکە ئەزموونێکی ناخۆشی لە ڕووداوێك و ئەزموونێکی لە(گوریسی ڕەش و سپی)هەیە. مەبەست لە(گوریس) دەوروبەری نوێیە، کە کەسەکە تێیدایە. بریندار بوون لە پێوەدانی(مار) وەك ڕووداوێکی ناخۆش، کە مرۆڤ یەکجار ئەزموونی کردووە بۆ دەوروبەر و بارودۆخی نوێ گشتگیریدەکات.

پەیوەست بەم لایەنەوە لە(9)دا، لە چەمکی ئاستی-تایبەت(مارانگاز)، ڕاڤەیەکی گشتی(کەسێك نەهامەتی بەسەردا هاتبێت)دەستدەخرێت، هەروەها لە چەمکی ئاستی تایبەتی(سڵکردن لە گوریسی ڕەش و سپی)، ڕاڤەیەکی گشتی (ترس، وریایی و ئاگاداری)دێتەکایەوە. بەمەش ڕاڤەیەکی گشتی بەشێوەی (کەسێك زڵلەی لە ڕۆژگار خواردبێت، ئیتر ژیر دەبێت و بە وریاییەوە دەست بۆ هەموو شتێك دەبات، واتە بە وریاییەوە کارەکانی ئەنجامدەدات.)بنیاتدەنرێت. ئەمەش دەکرێت بەهۆی هەمان میتافۆرەوە بۆ چەندین حاڵەتی تایبەتی وەك(10أ-پ)فراوانبکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ڕاڤەکردنە لە ئاستی گشتیدا، پەندەکە دەتوانێت بۆ کۆمەڵێک حاڵەت و دەوروبەری بەرفراوان بەکاربهێنرێت، کە ئەم دروستە گشتییەیان هەیە و هەر هەموویان فەزایەکی ئاوەزین و دەتوانن چەندین فەزای ئاوەزی دیکە بۆ خۆیان ڕابکێشن.

10أ-ترس و دڵەڕاوکێی کەسێك لە گەشتکردنی ئازیزانی. بە هۆکاری ئەوەی بە ڕووداوی هاتووچۆ کەسی ئازیزی لەدەستدابێت. ئەمەش وادەکات تەنانەت خۆیشی لەکاتی لێخوڕیندا بە ئاگادارییەوە، ئەو کارە ئەنجامبدات، چونکە مارانگازە و نایەوێت لە هەردوو حاڵەتەکەدا، کەسێکی خۆی دوبارە لە دەستبدات.

10ب-ترس لە نەخۆشکەوتنی ئەندامانی خێزان: ئەگەر کەسێك بە نەخۆشی کەسێکی نزیکی لە دەستدابێت، ئەوا بەردەوام بەرانبەر بە نەخۆشکەوتنی دەوروبەرەکەی ترسی دەبێت.

10پ-وریابوون و ئاگاداری خوێندکارێك، کە لە تاقیکردنەوەدا سەرکەوتوو نەبووە، بۆ جاری دووەم. چونکە ئیتر نایەوێت ئەو ئەزموونە دوبارە ببێتەوە بۆیە زیاتر هەوڵدەدات و بە ژیری و ئاگادارییەوە کۆشش دەکات.

نموونەی(9) ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چۆن میتافۆری (گشتی-تایبەتە) دەتوانێت ڕاڤەیەکی ئاستی گشتیمان پێبدات بۆ پەندێکی ئاستی دیاریکراو و دواتر ڕێگەمانپێدەدات ڕاڤە گشتییەکە بۆ حاڵەت و دەوروبەرێکی دیاریکراو بەکاربهێنین، کە بنیاتێکی گشتی بنەڕەتی گونجاوی هەیە.( ,Kovecses 2010:4)

لەمەوە نەخشەکێشان لە میتافۆری (گشتی-تایبەتە) پێکهاتەی نەخشەیی ئاستی تایبەت دەپارێزێت، و پێویستی بەوەیە، کە دوو ئاستەکە هەمان دروستە یان پێکهاتەی نەخشەیی ناوخۆیی/ناوەکییان هەبێت، ئەگەرنا ئاستی گشتی بەکارناهێنرێت بۆ بەچەمککردنی ئاستی تایبەت. بە بۆچوونی لاکۆف و تیۆرنەر ( GENERIC IS SPECIFIC)لە سەرانسەری جیهاندا بۆ پەندەکان دەگونجێت و جیاوازی نێوان زانیاری ئاستی گشتی و زانیاری ئاستی تایبەت لە سیستەمی چەمکیدا باو و ئاساییە لە سەرانسەری جیهاندا و پەندەکان لە کەلتوورەکانی جیهاندا باون بەهۆی ئەم جیاکارییەوە.(Lakoff&Turner,1989:166).

### 2-3-4-بنەمای چەندێتی(MofQ)[6] /The maxim of quantity):

بنەمای چەندێتی و ئابوریکردن(verbal economy)ڕۆڵی سنووردارکەری لەسەر مەودای زانیارییە پێدراوەکان هەیە. شێوازی کارکردنی بنەمای چەندێتی بەم شێوەیە: لە(2-3-1)خرایەڕوو، زنجیرەی مەزنی بوون سەرەوریزبوونێکە، کە بوونەوەری جیاواز لەسەری هەیە و ئەوانەی سەرەوەی سەرەوریزبوونەکە بەزۆری تایبەتمەندییەکانی بوونەوەرەکانی ژێرەوەیان لەخۆدەگرن. کاتێک ئاخێوەر ئاماژە بە بوونەوەرێک دەکات لەسەر سەرەوریزبوونەکە، لە ڕاستیدا زانیارییەکی زۆر سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی ئاستی خوارەوە دەدرێت و ئەمەش زانیارییەکی زۆر زیادەیە.(سەرچاوەی پێشوو:173). هەر لەم خاڵەدا، بنەمای چەندێتی بەکاردێت بۆ سنووردارکردنی مەودای زانیارییە پێدراوەکان تەنها بۆ بەرزترین تایبەتمەندییە پلەدارەکان، چونکە تەنها بەرزترین تایبەتمەندییە پلەدارەکانن، کە جێگای سەرنجن.(Martsa,2003:5). بڕوانە(11).

11-ڕێوی بە شاگرد وەرناگرێت.

لە(11)دا درك بە تایبەتمەندی و سیفەتێکی شاردراوی مرۆڤ لەڕێگای تایبەتمەندی و سیفەتێکی نامرۆییەوە، کە ئاژەڵێکە(واتە ڕێوی) دەکرێت. لێرەدا ئەرکی بنەمای چەندێتی ئەوەیە، کە گوێگر لەکاتی بیستنی دەربڕاوێکی لەو جۆرە، بەرزترین تایبەتمەندی و سیفەتی ئاستێك لە نەخشەکێشانەکەدا بگرێتەبەرچاو، نەك تایبەتمەندی و سیفەتە لاوازەکانی، چونکە بەرزترین نیشانە و تایبەتمەندییە، کە لە درکپێکردنی میتافۆری سوودبەخش دەبێت، ئەمە جگە لەوەی بەپێی زنجیرەی مەزنی بوون، بوونەوەرانی ئاستی باڵاتر، هەڵگری تایبەتمەندی بوونەوەرانی ئاستی خوارووتری خۆیانن. بۆیە لە(11)دا، (فێڵبازی ڕێوی) بەرزترین تایبەتمەندی و سیفەتێکە، کە لە نەخشەکێشانەکەدا دەگیرێتەبەرچاو نەك تایبەتمەندی دیکە وەك شێوەی چاوی، گوێی، ڕەنگی پێستی،...هتد. بەمەش ئەرکی MofQ لە(11)دا، سنوردارکردنی بڕی ئەو زانیارییەی، گوێگر پەیوەست بە (ڕێوی بە شاگرد وەرناگرێت)لە ئاوەزیدا هەیە. بۆیە پێکهاتەیMofQ لە پەیڕەوکردنی بنەمای هاریکاری گرایس (1975) کەڵک وەردەگرێت، واتە بنەماکە پەیکاڵە لەگەڵ ئەوەی، کە پێویستە هێندەی پێویست زانیاری ببەخشرێت و زیاتر نەبێت، کە لە GCMTبنەمایەکی پراگماتیکی پەیوەندیکردن بنیاتدەنێت لە ڕێکخستنی ڕەوتی کۆزانیاری لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی تیۆرەکەدا. (Lakoff&Turner,1989: 171-172).

بەپێی تایبەتمەندییە ئاماژەپێکراوەکان لە تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن[7]، پێشبینیکردنی ئەوەی، کە ڕەگ و ڕیشەی پەندەکان لە کەلتووردایە ئەستەم نابێت. ڕاڤەی و تێگەیشتن و درکپێکردنی مرۆڤ لە پەندی پێشینان لە ژێر کاریگەری بنەمای نەخشەکێشانی میتافۆری( metaphor mapping principle)دایە. ئەم بنەمایە پەندەکان بەشێوەیەکی میتافۆری لەبەرچاوەدەگرێت، کە بەشێکی میراتی زمانی کەلتوورێك چێوەبەنددەکەن و لە سیستەمی چەمکی مرۆڤ لەپێشدا گەنجکراون. لەمەشەوە لە بەکارهێنانی پەندەکانیش بە تەواوی کۆزانیارییە گشتییەکانی مەودای سەرچاوە و مەبەست ئامادەسازیکراوە، کە لە ڕاڤە و درکپێکردنیان بەکاردێن. بۆیە پەندەکان لەسەر بنەمای سکیما وێنەییەکان و میتافۆر بنیاتنراون و مرۆڤ بەشێوەی نائاگایانەوە فێریاندەبێت و بەردەستدەبن و بەکاریاندەهێنێت. جگە لەمەش چونکە پێشتر لە ئاوەزدا گەنجکراون، ئاستی واتایی تایبەتیان بەشێوەیەکی خێرا بۆ گوێگر بەردەستدەبێت. بڕوانە(ڕوشن و همکاران، 1392: 79).

بنەمای چەندێتی دوو ئەرکی هەیە بەو واتایەی، کە نەک تەنها پاڵنەرێکە بۆ گوێگر بۆ ئەوەی گرنگی بە زانیارییە ئاست بەرزەکان بدات، بەڵکو سیفاتەکانی بەرزترین ئاستی زنجیرە مەزنەکانی مەودای سەرچاوە و مەودای مەبەست هەڵدەبژێرێت و چالاکیاندەکات.

## ئەنجام:

1-پەندی پێشینان وەك بابەتێکی هەرە گرنگ لە لێکۆڵینەوە درکپێکردنەکان دادەنرێن، چونکە بە پەسن و ڕاڤەکردنیان، دەکرێت پەی بە بیر و باوەڕ و تێڕوانین و دونیابینی و ئاوەزمەندی و چۆنییەتی بەچەمککردن و پۆلێنکردنی جیهانی دەوروبەر و لە ئەنجامدا بنەمایەکی جیهانی پەندەکان ببرێت.

2-پەیوەندی و مامەڵەی نێوان پەندی پێشینان و میتافۆر لە زمانەوانی درکپێکردن یەکێکە لەو بابەتانەی، کە دەتوانرێت تێیدا مامەڵەی نێوان مەودا کۆنکرێتی و ئەبستراکتەکان بەدیبکرێت، چونکە بە دیدی ئەم قوتابخانەیە، پەندی پێشینان لە بنەڕەتدا و بەشێوەیەکی سروشتی میتافۆرین.

3-بەپێی تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن، لەکاتی مامەڵەکردنی لەگەڵ پەندی پێشینانDا، سیناریۆیەکی گشتی لەو پەندە وەك مەودای سەرچاوە لە ئاوەزی بەکارهێنەری پەندەکە بنیاتدەنرێت و دەتوانرێت بۆ درکپێکردنی بارودۆخی هاوشێوەی دیکە وەك مەودای مەبەست سوودی لێوەربگیرێت.

4-لێکۆڵینەوە و ڕاڤەی ئاستە جیاوازەکان لە کۆمەڵێکی دیاریکراو بەپێی تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن، شێوازی تێفکرین و چۆنییەتی چێوەبەندبوونی لەو کەلتوور و کۆمەڵەدا دەخاتەڕوو و پەندەکان بەو هۆیەوە، کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵ و ناوجەرگەی ژیانی خەڵکن و لەگەڵ کەلتوورەکەیان پەیوەندییەکی پتەویان هەیە، ڕەنگدانەوەی زۆرێك لە چەمکە ئاوەزییەکانن.

## پەراوێزەکان:

1- مەبەست لە واتایان پەیکاڵی سینتاکسە ئەوەیە، کە دروستە و داڕشتنی پەندەکان تەواو پەیکاڵن لەگەڵ ڕێسا و مەرجە گراماتیکییەکان و بە بۆچوونی هەندێك زمانەوان پەندەکان پێویستە ڕستەی تەواو بن و بەم شێوەیە دروستەی پەندەکان پەیکاڵی یاسا سینتاکسییەکانن. بۆ زیاتر بڕوانە(ئەحمەد، 2012: 78) و ئەو ڕوونکردنەوانەی لە(عەبدوڵڵا، 2022: 72)دا هاتووە.

2-(GCMT) کورتکراوەی(Great Chain Metaphor Theory)بە واتای تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن دێت.

3- ئەم تیۆرییە بۆ یەکەمجار لە لایەن لاکۆف و جۆنسن لە ساڵی1980 لە کتێبی(Metaphors We Live By)بەرپەرچی تێڕوانینی کلاسیکییان دایەوە. ناواخنی تیۆرییەکە پەیکاڵە لەگەڵ ئەوەی، کە میتافۆر تەنها بابەتێکی تایبەت بە زمان نییە، بەڵکو ژیانی مرۆڤ و لەوانەش ئاوەز و کردەوەکانیشی دەگرێتەوە، بەشێوەیەك پێڕەوی چەمکی مرۆڤ وەك بنەمایەك بۆ بیرکردنەوە و کردەوەکانی، لە بنەڕەتدا میتافۆرییە.هەروەها(CMT)کورتکراوەی(Conceptual Metaphor Theory)ە.

4-(GCofB) کورتکراوەی(The Great Chain of Being)واتە زنجیرە مەزنی بوون بەکاردێت.

5-(NofT) کورتکراوەی(The nature of things)ە.

6- (MofQ) کورتکراوەی(The maxim of quantity)ە.

7- هەندێك نارەزایەتی و بەرپەرچدانەوەی هەمبەر بە بەکارهێنانی تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن لە ڕاڤە و شیکردنەوەی پەندی پێشینان بەدیدەکرێت، بۆ نموونە (هۆنێك و تێمپێل) پێیانوایە، کە ئەم تیۆرییە لە یەك کاتدا زۆر ئاڵۆز و زۆریش سنوردارە. پێیانوایە لەو ڕووەوە ئاڵۆزە، کە دروستە ئاڵۆزەکەی بەشێوەیەك داڕێژراوە، کە خەریکی پەسنی هەندێك دیاردە بێت پێشتر خراوەتەڕوو. بەواتایەکی دیکە ئەوە دەوروبەری ئاخاوتنە، کە دیاریدەکات، چ یەکەیەکی دەربڕاوێکی زمانی بە چ شتێك ئاماژەدەکات و چۆن دەبێت ڕاڤەبکرێت. هەروەها لەو ڕووەوە زۆر سنوردارە، کە دەوروبەری ئاخاوتن ئەو بوارە دەرەخسێنێت، کە پەندەکان لە بابەتێتردا جگە لە بابەتە مرۆییەکان (بۆ نموونە لە بارودۆخی ئاژەڵدا)بەکاربهێنرێن.بڕوانە( Norrick, 2007: 389). لەم توێژینەوەیەدا تیۆری میتافۆری زنجیرەی مەزن ناکەوێتە بەر ڕەخنە و بەرپەرچدانەوە.

## سەرچاوەکان:

1-ئەحمەد، بێستوون حەسەن(2012)، کۆمەڵە وشەو پێکەوەهاتن لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.

2-ئەحمەد، بێستوون حەسەن(2018)، لێکدانەوەی سیمانتیکی و پراگماتیکی دەربڕاوەچەسپاوەکان لە زمانی کوردیدا، سلێمانی.

3-پیرەمێرد(2007)، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد بەرگی(1-2-3)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە:فایق هۆشیار و ئەوانی دیکە، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان.

3- عەبدوڵڵا، دلێر قادر (2022)، گرفتە واتاییەکانی وەرگێڕانی ئامێری، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

4-خاڵ، شێخ محمد(1969)پەندی پێشینان، منتدى اقرا الثقافي.

5-الحمزاوي، علاء(2021)، المثل و التعبير الاصطلاحي في التراث العربي، د. مكان، د. ناشر.

6-ابریشمی، احمد(1376)، فرهنگ نوین گزیده‌های مثلهای فارسی، زیور، تهران.

7-آریان پور، امیرحسین(1354)، جامعه‌شناسی هنر، دانشگاه تهران، دانشکده هنرهای زیبا.

8-آرین پور، یحیی( 1376)، از نیما تا روزگار ما (تاریخ ادب فارسی معاصر)، زوار، تهران.

9-آقابخشی، علی؛ افشاری راد، مینو(1376)، فرهنگ علوم سیاسی، مرکز اطلاعات و مدارك علمی ایران، تهران.

10-بهمنیار، احمد(1369)، داستان نامه بهمنیاری، به کوشش فریدون بهمنیار، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.

11-پارسا، سید احمد(1394)، بررسی و تحلیل علمی و ادبی امثال و حکم پارسی، چاپ اول، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران.

12-حکمت، علی اصغر(1387)، امثال قرآن، چاپ سوم، پرستش، تهران.

13-روشن، بلقیس؛ یوسفی راد، فاطمه؛ شعبانیان، فاطمه(1392)، مبنای طرح واره‌ای استعاره‌های موجود در ضرب المثلهای شرق گیلان، زبان شناخت، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، سال چهارم، شماره2.

14-ریدوت، رونالد؛ ویتینگ، کلیفورد(1371)، ضرب المثل های انگلیسی، ترجمه وتدوین حمیدرضا بلوچ و مسعود میرزایی، نشر پارسا، تهران.

15-سعدی، مصلح الدین(1381)، گلستان به تصحیح غلامحسین یوسفی، چاپ ششم، تهران، خوارزمی.

16-شکورزاده، ابراهیم(1380)، دوازدو هزار مثل فارسی و سی هزار معادل آنها، به نشر، مشهد.

17-Bradbury, Nancy Mason. (2002). Transforming Experience into Tradition: Two Theories of Proverb Use and Chaucer's Practice. Oral Tradition. 17/2. 261-289.

18-Bunnin Nicholas, and Jiyuan Yu (2004), The Blackwell Dictionary of Western Philosophy. USA UK Australia: Blackwell publishing.

19-Gibbs T Jr, W. Raymond; M.D. Johnson & H.L. Colston, 1996, How to study proverb understanding. Metaphor & Symbol, Vol. 1. 11 issue3. 233-239.

20-Honeck, Richard. & Welge, Jeffrey (1997). Creation of proverbial Wisdom in the Laboratory. Journal of Psycholinguistic Research. NO. 26.6. PP. 695-629.

21-Khairul Adilah, Siti Mukhlisa Binti Mohamad &Jamal, Marlina, (2022), A Comparative Cross-cultural Investigation of Feline Proverbs in English and Malay Languages: From the Perspective of GCM Theory, Journal of Social Science and Humanities, 5 (5): 36-41, e-ISSN: 1700 – 9056.

22-Kovecses, Zoltan. (2010). Metaphor: A Practical Introduction. Oxford and New York: Oxford University Press.

23-Lakoff, George and Turner, Mark (1989) More than Cool Reason: A Field Guide to Poetic Metaphor. Chicago: University of Chicago Press.

24-Martsa, S. (2003). Conceptual mappings in the ethno-biological categorizations of animals. Paper presented at The Researching and Applying Metaphor: Metaphor, Categorization and Abstraction Conference, Paris, France.

25-Mieder, Wolfgang. (2004). Proverbs: a handbook. London: Green book press.

26-Nassaji, Hossein, (2002), Schema Theory and Knowledge-Based Processes in Second Language Reading Comprehension. A Need for Alternative Perspectives, Vol 50, No2, 438-442.

27-Norrick, N. R. (2007). Proverbs as set phrases. eds. Burger, H. et al. Phraseology: An International Handbook of Contemporary Research. Handbooks of Linguistics and Communication Science. No. 28. Berlin: de Gruyter, 381-393.

28-White, Geoffrey, (1987). Proverbs and Cultural Models (An American Psychology of Problem Solving). In D. Holland & N. Quinn. (Eds.). Cultural Models in Language and Thought. USA: Cambridge University Press.151-172.